گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: 10.26750/8ydb1370

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 13/12/2023
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 08/02/2024
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/08/2025

# جۆرەکانی ئەشکەنجەی سەپێنراو بەسەر دورخراوان لە سەردەمی خەلافەتی عەباسی (٣٣٤-٦٥٦ک/٩٤٦-١٢٥٨ز)

**أحمد ميرزا ميرزا[١] - سيهاد اسعد اومر[٢]**

sihad.omar@soran.edu.iq - argushy@gmail.com

[١] بەشی مێژو، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق.

[٢] بەشی مێژو، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عیراق.

## پوختە

دورخســـتنەوە سزایەکی جێگیرە بەپێی دەقەکانی قورئـان و فەرمودەکانی پێغەمبەر (ﷺ)، وەکو چۆن خودای گەورە دەفەرموێت: **(إِنَّمَا جَزَاءُ الَّذِينَ يُحَارِبُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الْأَرْضِ فَسَادًا أَن يُقَتَّلُوا أَوْ يُصَلَّبُوا أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُم مِّنْ خِلَافٍ أَوْ يُنفَوْا مِنَ الْأَرْضِ ۚ ذَٰلِكَ لَهُمْ خِزْيٌ فِي الدُّنْيَا ۖ وَلَهُمْ فِي الْآخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ)**، لەلایەکی تر شەرعزانەکان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی کە دورخستنەوە جۆرێکە لە سزای (التعزير) سەرزنشتکردن وازی لێهێنراوە بۆ بیروڕای پێشەوا خەلیفە، کە مەبەست لەم سزایە ڕێگریکردن بو لە تاوانکردن یان سنور بۆ دانان بەگوێرەی توانا، دورخستنەوە بەواتای دورخســـتنەوەی سزادراو دێت لە ژینگەی تاوانکاری خۆی بۆ شـــوێنێکی تر، وەک چۆن ماوەی مانەوەی سزادراو لەو شـــوێنەی بۆی دورخراوەتەوە وازیلێهێنراوە بۆ دەســـەڵات، دەســـەڵات بەپێی بەرژەوەندی کۆمەڵگە و دەوڵەت مانەوەی سزادراوە جێبەجێدەکات.

بەڵام ســـەرەڕای دورخســـتنەوەی سزادراوان، ڕوبەڕوی ئەشـــکەنجەدانی جۆراوجۆر بونەتەوە کە جیاوازبوە لەگەڵ سـەردەمانی پێشـوتر، وەک چۆن لە ناونیشـانەکە خراوەتەڕو (جۆرەکانی ئەشـکەنجەی سـەپێنراو بەسـەر دورخراوان لە ســـەردەمی خەلافەتی عەبـاسی (٣٣٤-٦٥٦ک/٩٤٦-١٢٥٨ز)، ئەمەش هـۆکـارەکەی دەگەڕێـتەوە بـۆ دەرکەوتـنی دەســـەڵاتـداری جیاواز لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت لەگەڵ خەلیفەدا، لەوانە: (بنی بويه) (334-447هـ/945-1055م) کە خەڵکی (ديلم) و لە نەتەوەی فارس بونە لەگەڵ (آل ســلجوق) (447-656هـ/1055-1258م) کە خەڵکی (بلاد ما وراء النهر) و لە نەتەوەی تورک بونە، واتە لەم ماوە مێژوییەدا جگە لە خـەلیفە دەســـەڵاتدار و بڕیاربەدەســـتی تر هەبوە لە بەڕێوەبردنی کاروباری خەلافەتدا، کە هەر یەکێک لەم دەســـەڵاتدارانە بۆ مانەوە و پارێزگاریکردن لە پێگە و

دەسەڵاتی خۆیان جۆرەها سیاسەتی ئەشکەنجەدانیان پەیڕەوکردوە لە بەرامبەر نەیارەکانیان، بە مەبەستی کۆتاییهێنان و چاوترساکردنیان.

**کلیلە وشەکان:** دورخراوان، کوشتن، خنکاندن، کوێرکردن، گەڕاندن، زمانبڕین.

# The Types of the punishments Imposed on the Exiles in the Period of the Abbasid Age between

# (334–656 H / 946–1285 AD)

**Ahmad Mirza Mirza[1] - Sihad Asaad Omar[2]**

[1]History Department, Colege of Arts, Salahaddin University, Erbil,Kurdistan Region, Iraq.

[2]Department of History,Faculty of Arts, Soran University,Soran,Kurdistan Region,Iraq.

## Abstract

According to Qur'an and the hadiths of the Prophet (peace be upon him)، the exile is a stable punishment which all the Shari'ah scholars are agree on. On the other hand، the scholars of Shari'ah agree that exile is a form of punishment (al-ta'zir) reprimand and abandoned according to the opinion of the Caliph. The purpose of this punishment was to prevent crime or to set limits as much as possible. Exile means the removal of the convict from his criminal environment to another place، just as the duration of the convict's stay in the place to which he was removed is left to the authorities.

In addition، despite the expulsion of the convicts، they faced various forms of torture that were different from previous periods، due to the emergence of different authorities in the management of state affairs with the caliph، including Bani Buya (334-447 AH/945-1055 AD)، who they were from Daylam and were Persians، and Seljuks (447-656 AH/1055-1258 AD) who were from the land beyond the river and were of Turkish. That's، during this historical time، there were other authorities who pursued various policies of torture against their opponents in order to defeat and to threaten them.

**Keywords**: Exiles Cutting Out the Tongue, Slandering, Blinding, Strangling, Killing.

## پێشەکی

ماوەی توێژینەوە ماوەیەکی گرنگبو بۆ خستنەڕوی ئەو ئەشکەنجە جۆراوجۆرانەی کە ڕوبەڕوی دورخراوەکان کراوەتەوە، چونکە بەدرێژایی مێژوی پێش ئەم قۆناغە خەلیفە بەتەنیا بڕیاربەدەســـت و بەڕێوەبەری کاروباری خەلافەت بوە، کە کەمتر ئەم جۆراوجۆریەتەی ئەشـکەنجەدانی تێدا دەرکەوتوە، بەڵام لەم ماوەیەدا گۆڕانکارییەکی گەورە بەســەر خەلافەتی عەباسـیدا هاتوە و دەســەڵاتەکان و بڕیارەکان لە دەســتی خەلیفە دەرچونە و دەســەڵاتدارانی نوێ کاروبارەکانیان گرتۆتە دەســت بە هاوبەشی لەگەڵ خەلیفە، ئەمەش کاریگەری هەبوە لەســەر دەرکەوتنی جۆراوجۆری ئەشــکەنجەدانەکان، بەهۆی بونی دەســەڵاتداری جیاواز لەگەڵ خەلیفە لە ڕوی بڕیاردان و جێبەجێکردنی سزاکان، بەشـێوەیەک ڕودانی هەر ناسەقامگیرییەک و شڵەژانی بارودۆخی ناوخۆی خەلافەت بە هەر هۆکارێک بوبێت کاریگەری لەسەر شێوازی سەپاندن سزاکە هەبوە، لە دیوێکی تر هەرچەندە دەسەڵاتداران لەم ڕێگەیەوە توانیویانە تاڕادەیەک نەیارەکانیان سەرکوت بکەن و پارێزگاری لەمانەوەی خۆیان بکەن، بەڵام پەیڕەوکردنی ئەم ســیاســەتە نەبۆتە هۆی بنەبڕکردنی مەترســییەکان بەیەک جارەکی، بە هۆی سیاسەتی هەڵەی دەسەڵاتدارن و پێگە و کەسایەتی کەسانی دورخراو لەناو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا، کە زۆرجار دەبوە هۆی ناڕەزایەتی دەربڕین و یاخیبون وروبەڕوبونەوەی چەکداری لەگەڵ دەسەڵاتداران.

لە ڕوانگەی گرنگی ئەم باســە و لەژێر ناونیشــانی "جۆرەکانی سزای ســەپێنراو بەســەر دورخراوەکان لە ســەردەمی دەوڵەتی عەباسی ماوەی نێوان (٣٣٤-٦٥٦ک/٩٤٦-١٢٥٨ز)" لە توێژینەوەکەدا پەیڕەومان لە ڕێبازی مێژویی وەســفی شــیکاری کردوە، لە ژێر ڕۆشــنایی خوێندنەوەی مێژویی و شــیکردنەوەی لایەنێک لەلایەنە گرینگەکانی مێژوی ســەردەمێک لە ســەردەمەکانی دەوڵەتی عەباسی، ئەم ســەردەمە بەوە لەســەردەمەکانی تر جیادەکرێتەوە، کە پێویســتی بە جێبەجێکردنی زۆرترین ئەشــکەنجەدان هەبوە، چونکە زۆرترین یاخیبون و ڕوبەڕوبونەوەی چەکداری ڕویداوە لەگەڵ دەســەڵاتدارە جیاوازەکان.

ئامانجی ســەرەکی لەم توێژینەوەیەدا خســتنەڕوی جۆرەکانی ئەشــکەنجەدانی دورخراوەکان بوە لەم ماوە مێژوییەدا، دیوەکەی تر هەڵوێستی دورخراون و کەسە نزیکەکانیان و لایەنگرانیان لە بەرامبەر پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتە چۆن بوە؟ ئەم بابەتە دەرخســتنی ســیاســەتی دەســەڵاتدارانی ئەو ســەردەمە بوە لە پێناو پارێزگاریکردن لە مانەوە لە دەســەڵات و فراوانخوزیکردن، جۆرەها ڕێکاریان گرتۆتەبەر بۆ لادان و بنەبڕکردنی ئالنگارییەکانی بەردەم پرۆسەی سیاسیان، بێ گوێدانە بنەما و دەستوری یاسایی دەوڵەتی ئیسلامی لە پەیڕەوکردنی دژوارترین ئەشکەنجەدان بەرامبەر بە نەیارەکانیان، ئەمەش بە هۆی لە دەستدانی شکۆ و لاوازبونی دەسەڵاتی خیلافە و دەرکەوتنی دو هێزی نوێ لە گۆڕەپانی سیاسیدا ڕویداوە.

توێژینەوە لە پێشەکی، باسێک لەژێر ناونیشانی جۆرەکانی ئەشکەنجەی سەپێنراو بەسەر دورخراوان لە سەردمی دەوڵەتی عەباسی ماوەی نێوان (٣٣٤-٦٥٦ک/٩٤٦-١٢٨٥ز)، ئەنجام پێکهاتوە، لە باســەکەدا باس لە دورخســتنەوە و جۆری ئەشکەنجەدانەکە دەکەین بەپێی بنەماکانی شەرع. لە دیوەکەی تر بەشێوەیەکی گشتی باس لەو جۆرە سزایانە دەکەین کە لەو سەردەمەدا لە بەرامبەر دورخراوەکان بەکارهاتون.

لەم توێژینەوەیەدا ســودمان لە کۆمەڵێک ســەرچاوەی جۆراوجۆری ڕەســەن و ژێدەرەکان بەزمانی عەرەبی وەرگرتوە، بەتایبەت ئەو ســەرچاوانەی هاوچەرخی ڕوداوەکە بونە، یاخود نزیکی ســەردەمەکە بونە، چونکە یەکێک لە بنەما

سەرەکییەکانی نوسین لەسەر ماوەی دەوڵەتی ئیسلامی لە سەدەکانی ناوەڕاست، پێویستە توێژەر یەکەم جار بگەڕێتەوە بۆ سەر سەرچاوە ڕەسەنەکان پێش بەکارهێنانی ژێدەر و بڵاوکراوە و تێزە ئەکادمییەکان، بۆ ئەوەی بە نوسینێکی ئاکادیمی و ئاستێکی بەرزی زانستی پەسەندبکرێت.

## جۆرەکانی ئەشکەنجەی سەپێنراو بەسەر دورخراوان:

سەرەتا باس لە دورخستنەوە و بنچینەی ئەشکەنجەدان دەکەین، کە لە بنەڕەتدا چۆن لە بنەما و ڕێساکانی ئیسلام باسی لێوەکراوە و بۆ چ مەبەستێک بەکارهاتوە، دواتر باس لە پەیڕەوکردنی ئەم ئەشکەنجەدانە لەو سەردەمەی کە دەستنیشانمان کردوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

## باسی یەکەم: بنچینەی دورخستنەوە وجۆری ئەشکەنجەدان:

هەمو سەرپێچیکردنێک پێویستی بەرێکارەکانی یاسا دەبێت بۆ ڕێگریکردن و لێپێچینەوە لەگەڵ کردن، بە مەبەستی وشیارکردنەوە و تەمێکردنی ئەنجامدەران، بۆ دانانی سنورێک بۆ تاوانباران ئاینی ئیسلام سێ جۆر سزای داناوە لەوانە (الحدود[1] والقصاص[2] والتعزیر[3]) (علاءالدين السمرقندي، ١٩٩٤، ٣ / ١٣٨؛ بهنسي، 2003 / 31)

سەرزنشتکردن (التعزیر) ئەو جۆرە سزایە بوە کە لە یاسا و ڕێساکانی ئیسلام کارپێکراوە، کە تێیدا دورخستنەوە بەشێک بوە لەو سزایە، وەکو چۆن (ابن حجر العسقلاني) دەڵێت:"**دورخستنەوە جۆرێکە لە سزای سەرزنشتکردن**" (١٣٧٩، ١٢ / ١٥٨)، (الشربيني) دەڵیت:"**لە جۆرەکانی (التعزیر) سزای دورخستنەوەیە، کە دەتوانرێت بەندکردن و ئەشکەنجەدانی لەگەڵدا کۆبکرێتەوە**" (١٩٩٤، ٥ / ٥٢٤)

دورخستنەوە بەواتای دورخستنەوەی سزا دراوەکە دێت لە شوێنی خۆی بۆ شوێنێکی تر، وەکو چۆن هەریەکە لە (الرازي والمزني والأصفهاني) دەڵێن:"**بە واتای دورخستنەوە و دەرکردن دێت لە شوێنی خۆی**". (1420، 11 / 346؛ 1998 / 343؛ 1994 / 300) (أبي يعلى) دەڵێت: "**دورخستنەوە لە شوێنی خۆی بۆ شوێنێکی تر یاخود لە لادێیەکەوە بۆ لادێیەکی تر**". (2000 / 57)

بنچینەی وشەکە لە (النفي) هاتوە، کە بە واتای دورخستنەوە لە وڵات ڕاڤەی بۆ کراوە، وەکو (القرطبي) دەڵێت:"**إن النفي أن ينفي من بلده الى بلد آخر**" (د، ت، ٣ / ٢٣٤)

هەندێکی تر وشەی دورخستنەوەیان بە (التغریب) هێناوەتەوە بەم شێوەیە:"**النفي هو تغريبهم عن وطنهم**"، بەواتای دورخستنەوە لە وڵات. (الزيلعي، ١٣١٣، ٣ / ١٧٣) (البعلي) بەم شێوەیەی هێناوەتەوە:" **غرب الرجل بفتح الراء: بعد، وغربته وأغربته: أبعدته ونحته**" (2003: 454):"**وهو نفيه إلى غير بلده وحبسه فيه سنة**" (الثعلبي، 2004، 2 / 197؛ ابن عبدالبر، 1980، 2 / 170) واتە بە هەردو شێوە هاتوە.

لە بنچینەدا ئامانج لەم سزایە تەمێکردن و چاککردنی ئاکارە خراپەکانی دورخراوەکان بوە، دورخستنەوەی تاوانبارە لە ژینگەی تاوانکاری بۆ شوێنێکی تر بە مەبەستی سەرزنشتکردن و ترساندن و چاککردنی ڕەوشت و دەرونی سزادراوەکە. (ابن عبدالبر، 1993، 24 / 95؛ الدسوقي، د، ت، 4 / 322؛ صدقي، 1987 / 231)

وەکو چۆن (ابن هبيرة) دەڵێت:"**ئەگەر گومانیان وابو تاوەکو ئەشکەنجە نەدرێت چاک نابێت ئەوا پێویستە ئەشکەنجە بدرێت، وە ئەگەر بەبێ ئەشکەنجەدان چاک دەبێت ئەوا پێویست بە ئەشکەنجەدانی ناکات**" ( 2002، 2 / 265)

واتە بەگوێرەی جۆری تاوانەکان ئەم سزایە جێبەجێ دەکرێت بەسەر سزادراوەکە، دەکرێت بە زوبان، بەندکردن، لێدان یان دورخستنەوە بێت. (السمرقندي، 1994، 3 / 148؛ ضياء الدين الجندي،2005 / 245)

جێگەی ئاماژەیە جۆرەی ئەشکەنجەدان لە سروشتی ئەم سزایەدا لە بنەماکانی ئیسلام ئاماژەی پێدراوە بەم شێوەیە، نابێت ئێسکی لاشەی دورخراو بشکێت، پێستی شەق شەق بکرێت، دوچاری خوێن بەربو بکرێت، گۆشتی لاشەکەی بۆگەن بکرێت، بەڵکو دەبێت بە ئەشکەنجەدانێکی پارێزرا وتەندروستەوە ئەنجام بدرێت. (ابن الحزم، د. ت، 12 / 83-82)

هەروەها (ابن بطال) ئاماژەی بەو ئەشکەنجەدانە کردوە و دەڵێت:" **ناکۆکن لەسەر ئەو ئەندامانەی کەوا ئەشکەنجە دەدرێن**"، ئاماژە بە چەند بیروبۆچونی زانایان کردوە لەم بارەیەوە، مالک دەڵێت:" **لە سەرزنشتکردن تەنها لە پشت ئەشکەنجە دەدرێت**" (ابو حنيفە) دەڵێت:" **هەمو ئەندامەکانی لەش ئەشکەنجە دەدرێت تەنها دامێن ودەم وچاو سەر نەبێت**" امام (الشافعی)[٤] دەڵێت:"**دامێن ودەم وچاو پارێزرا ودەبن**". (٢٠٠٣، 8 / 468)، لەلایەکی تر (علاءالدين السمرقندي) دەڵێت:"**ئەشکەنجەدان هەمو ئەندامەکان دەگرێتەوە بەبێ جیاوازی تەنها ئەو ئەندامە جیاوزانە نەبێت کە دەبنە هۆی مردن وەکو سەر ودەم وچاو وسینگ وزگ ودامێن**" (1994، ٣ / ١٤٣)، جگە لەمە دورخراو مافی پارێزراوە لەلایەنی جەستەیی کە نابێت دەستکاری سەر وریشی بکرێت وتاشینی بۆ بکرێت، وە نابێت ماڵەکەی بەتاڵان ببردرێت. (عميرة، 1998، 4 / 206)

لەلایەکیتر دەکرێت جۆرەکانی سزای سەرزنشتکردن هەموی بەیەکەوە جێبەجێ بکرێت وەکو چۆن (ابن لطف الله) دەڵێت:"**دەسەڵاتدار بۆی هەیە بەندی بکات یا دوری بخاتەوە یاخود سزای سەرزنشتکردنی بەتەواوی بەسەردا جێبەجێبکات**" ( 2003، 3 / 320)

ئەمانە ئەو ڕێکارە شەرعیانەن کە ئیسلام ڕێگەی پێداوە بۆ پەیڕەوکردنیان، کەوا لە بنچینەدا بۆ تەمێکردن وچاک کردنی ئاکارەکانی دورخراوەکە بوە، بەڵام بە پێی سەردەم ئەم سزایە بۆ لایەنەکانی تر بەکارهاتوە، بەشێوەیەک زیاتر بۆ لایەنی سیاسی بەگشتی، بەتایبەت ئەو سەردەمەی کەوا دەمانەوێت خستنەڕوی بۆ بکەین جیاوازبوە لە سەردەمەکانی پێشوتر بەهۆی بونی دو دەسەڵاتداری جیاواز لەیەک کاتدا لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی خەلافەتدا، بۆ نمونە خەلیفەی عەباسی و(بنی بويە)[٥] لە ماوەی نێوان (٣٣٤-٤٤٧ک/٩٤٦-١٠٥٦ز)، خەلیفە و(آل سلجوق)[٦] و پاشماوەکانی لە ماوەی نێوان (٤٤٧-٦٥٦ک/١٠٥٦-١٢٥٨ز)، کە هەریەکێک لەم دەسەڵاتدارانە جیا لە ئەوەی تر بە جۆرێک ئەشکەنجەدانەکەیان جێبەجێکردوە کە دوربوە لە سروشتی سزاکە، واتە ئەو جۆرە سزایانە نەبون کەوا لە بنەڕەتدا بۆ ئەم جۆرە سزادراوانە دیاریکرابو، بەڵکو زۆر زێدەڕەوی تێداکروە لە کاتی جێبەجێکردندا.

## باسی دوەم: جۆرەکانی سزایی سەپێنراو:

یەکێک لەو دیاردانەی کەوا باوبوە لەم ماوە مێژویەدا جۆراوجۆری ئەشکەنجەدانی دورخراوان بوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

## یەکەم: دیاردەی کوشتن وخنکاندن:

ئەم دو سزایە لەو دیاردانە بون کە دورخراوەکان ڕوبەڕوی بونەتەوە، دورخراو هەبوە لە زینداندا کوژراو، خنکێنراوە بەم شێوەیە:

## أ- کوشتن:

فەرمانی کوشتن زیاتر بۆ کەسە سیاسیە مەترسیدارەکان بوە، بە مەبەستی کۆتایی هێنان بە مەترسیەکانیان بۆ سەر دەسەڵات، چونکە مانەوەی ئەم نەیارانە لە ژیان دەبوە هۆکارێک بۆ بەردەوام بونی یاخی بون ولاوازکردن وکۆاتایی هێنان بە دەسەڵاتداران، لێرەدا ئاماژە بە شێوازی کوشتنەکەیان دەکەین، وەکو چۆن دوای ئەوەی (زهير الحمداني) خاوەنی (معرة النعمان)[7] لەلایەن دارودەستەکەی ولایەنگرانی دەست بەسەر دەکرێت لە بەرژەوەندی (سعد الدوله الحمداني) (٣٥٦ک/٩٦٦ز)، دواتر دوردەخرێتەوە بۆ قەڵای (أفاميه) ولەم قەڵایەدا فەرمانی کوشتنی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت ساڵی (٣٥٨ک/٩٦٩ز). (ابن العديم، 99/1996)

بەکارهێنانی ژەهر ڕێگایەکی تربوە بۆ کوشتنی دورخراوەکان، بۆ نمونە لە سەردەمی خەلیفە (المطيع) (٣٣٤–363ك/946–974ز) ئەمیر (عز الدوله بختيار البويهى) (٣٥٦–٣٦٧ك/٩٦٧-٩٧٨ز) وەزیرەکەی بەناوی (ابو الفضل الحسين الشيرازى)[٨] دورخستۆتەوە بۆ لای (شريف ابى الحسن) لە (كوفه) ساڵی (٣٦١ک/٩٧٢ز)، دوای بەندکردن ژەهری پێدەدات ودەیکوژێت. (ابن الجوزي، ١٩٩٢، ١٤ / ٢١٥؛ ابن الأثير، 1997، 7 / 289؛ السيوطي، ٢٠٠٥ / ٣٦٧) هەرچی (الذهبي) ئاماژە بەوە دەکات کەوا ئەم وەزیرە ساڵی (٣٦٢ک/٩٧٣ز) لە بەندیخانە بە خواردنەوەی ژەهر کۆتا بە ژیانی خۆی هێنابێت. (١٩٨٤، ٢ / ٣٣٢)

ئەم دیاردەیەش دیاردەیەکی باوی ئەو سەردەمە بوە، کەوا ئەمیر وسەرکردەکانی تر پەیڕەوایان دەکرد، لە ڕێگەی ئەو دەرمانەی کەوا لە ژێر ئەنگوستیلەی پەنجەیان شاردبویانەوە، کاتێک لە پۆستەکانیان لا دەدران ودوردەخرانەوە بۆ بەندیخانەکان، بۆ پارێزگاریکردن لە شکۆ وناوبانگیان وسوکایەتی پێ نەکردنیان ئەم کارەیان ئەنجامداوە. (ابن الأثير، 1997، 7 / 570-571؛ النويري، ٢٠٠٤، ٢٦ / ٢٥)

دوای ئەوەی (ابن سورى) وکوڕەکەی (شيث) لەلایەن سوڵتان (محمود الغزنوى) دوردەخرێنەوە بۆ بەندیخانەی (غزنه) ساڵی (٤٠١ک/١٠١١ز)، (ابن سورى) ئەم زەلیلی وبەندایەتیەی پێ قەبول نەبوە، بۆیە لە کاتی بەڕێکردنی ئەو ژەهرە دەخوات کەوا لە ژێر ئەنگوستیلەکەی دابوە، بەم شێوەیە لە ڕێگادا کۆتایی بەژیانی خۆی هێناوە. (النويري، ٢٠٠٤، ٢٦ / ٢٥؛ محمد، ٢٠٠٥ / ١٠٤–١٠٥)

هەر سەبارەت بە ئەندامانی بنەماڵەی (الحمداني)[9] دوای ئەوەی (ابى تغلب الحمداني) لەلایەن (دغفل بن المفرج بن الجراح الطائى)[١٠] کاربەدەستی (الرمله)[١١] دەست بەسەر دەکرێت ساڵی (٣٦٩ک/٩٧٩ز)، دواتر دوردەخرێتەوە بۆلای خەلیفەی فاطمی (العزيز بالله) (٣٦٥–٣٨٦ک/٩٧٥–٩٩٦ز)، دوای ماوەیەک لە (مصر) لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە دەکوژرێت ساڵی (٣٩٩ک/١٠٠٩ز). (مسكويه، ٢٠٠٠، ٦ / ٤٥٢-٤٥٣؛ ابن كثير، 1989، 11 / 292؛ ابن خلدون، ٢٠٠٠، 4 / 320؛ چلبى، ٢٠١٣ / ١٧٣)

زۆرجار ئەمیرەکان ئەم سزایەیان جێبەجێکردوە بەسەر وەزیر وکاربەدەستانی تر، وەکو چۆن (مؤيد الدوله البويهى)[١٢] لەسەر داواکاری ئەمیر (عضد الدوله) (٣٦٧–٣٧٢ک/٩٧٧–٩٨٢ز)ی برای وەزیر (ابا الفتح بن عميد) وبنەماڵەکەی ودارودەستەکەی دەستگیرکردون ودوری خستونەتەوە بۆ بەندیخانەکانی قەڵای (فارس)[١٣] ساڵی (٣٦٦ک/٩٧٧ز)، دواتر کەسێکی ڕسپاردوە کەوا ئەشکەنجەی بدات، چاوێکیان کوێرکردوە وریش وکەپویان بڕیوە ودواتر کوژراوە، واتە سزایی هەتکردنیان بەسەردا جێبەجێکردوە، لەسەر ئەوەی ئەم وەزیرە پەیوەندی لەگەڵ ئەمیر (بختيار بن معزالدوله) (٣٥٦–٣٦٧ك/٩٦٧-٩٧٨ز) دروستکردوە کەوا نەیاری (عضد الدوله) بوە، هۆکارێکی تر ئەم وەزیرە دەستی گرتوە بەسەر

هێزی سەربازی کە بۆتە جێگەی مەترسی بنەماڵەی (مؤيد الدوله). (ابن الأثير، ١٩٩٧، ٧ / ٣٤٧–٣٤٨؛ الشالجی، د، ت، ٤ / ٨٨–٨٩)

هەمو ئەم ڕێکارانە بۆ ترساندنی کاربەدەستانی دەوروبەر بوە، بۆ ئەوەی بیر لە یاخی بون وبێ فەرمانی گەورەکانیان نەکەنەوە.

نمونەیەکی تر لەم شێوەیە دوای ئەوەی (أبو بكر محمد بن أحمد بن سهل بن نصر الرملی) ناسراو بە (ابن النابلسی) لە (دمشق) دوردەخرێتەوە بۆ (مصر) بە توندترین سزا دەکوژرێت کە ئەویش داماڵینی پێستەکەی بوە لەسەر لاشەی ودواتر لە خاچ دراوە، لەسەر ئەوەی گوتویەتی:"**ئەگەر دە تیرم پێ بێت نۆ لە مەغاریبەکان دەگرم ویەکێک لە ڕۆمەکان**". (ابن القلانسی، ١٩٨٢/ ١٠؛ ابن الأثير، 1997، 7 / 320؛ أبو محمد الكتانی، ١٤٠٩ / ٩٧)

لەلایەکی تر پەڕاندنی کەللە سەر جۆرێکی تری ئەشکەنجەدان بوە کەوا لە بەرامبەر دورخراوەکان بەکارهاتوە، وەکو چۆن والی ئەمیر (معز الدوله) (٣٣٤–٣٥٦ک/٩٤٦–٩٦٧ز) لە (کوفه) کەللە سەری دورخراوێکی پەڕاندوە ساڵی (٣٧٠ک/٩٨٠ز)، دواتر کەللە سەرەکەی ناردوە بۆ بەغدا بۆلای ئەمیر. (ابن الجوزي، ١٩٩٢، ١٤ / ٢٧٧)

لەلایەکی تر ئەمیر (عضد الدوله) یەکێک لە لایەنگرانی بە ناوی (ابی الوفاء طاهر بن محمد) دەست بەسەر کردوە ودوری خستۆتەوە بۆ قەڵای (المهاکی) ساڵی (٣٧٢ک/٩٨٢ز)، دوای مردنی ئەمیر ئەم دورخراوە لەلایەن (ابو عبدالله بن سعدان) کە نەیاری بو کەللە سەرەکەی لەلاشەی جیاکراوەتەوە. (الروذراوري، ١٩١٦، ١٦ / ١٠)

هەروەها کاتێک (ابی الحسین) لەلایەن دارودەستەی (فخر الدوله البويهی) (٣٦٦–٣٨٧ک/٩٧٧–٩٩٧ز)ی مامی دوردەخرێتەوە بۆ (الری) ساڵی (٣٧٥ک/٩٨٥ز)، دواتر لەلایەن مامیەوە دەخرێتە بەندیخانە، بە هۆکاری ئەوەی لە دەسەڵاتی مامی یاخیبوە ویستویەتی دەست بگرێت بەسەر (أصفهان)، کاتێک (فخر الدوله) (٣٦٦–٣٨٧ک/٩٧٧–٩٩٧ز)نەخۆش دەکەوێت ولە مردن نزیک دەبێتەوە کەسێک ڕادەسپێرێت بۆ کوشتنی برازاکەی. (الروذراوري، ١٩١٦، ٣ / ١٢٢–١٢٣؛ مسكويه، ٢٠٠٠، ٧ / ١٤٨؛ الثعالبي، ١٩٨٣، ٢ / ٢٦١؛ اقبال، 1989 / 77-78؛ الشالجي، د، ت / ٣٠)

لەم ڕۆژگارەدا دوای دورخستنەوەی کوڕانی ئەمیر (بختيار البويهی) (٣٥٦–٣٦٧ک/٩٦٧–٩٧٨ز) بۆ (فارس)، ساڵی (٣٨٣ک/٩٩٤ز)، دو لە کوڕەکانی (بختيار) لەلایەن (ابا علی ابن أستاذ هرمز)[١٤] کاربەدەستی ئەمیر (صمصام الدوله) (٣٧٣–٣٧٧ك/٩٨٤-٩٨٨ز) دەکوژرێن لە قەڵاکە وئەوانی تر دوردەخاتەوە بۆ بەندیخانەی قەڵای (جنيد)، هۆکارەکە ئەمانە لەلایەن ژمارەیەک لە دەیلەمەکان ئازاد کراون ودەستیان گرتبو بەسەر قەڵاکە. (الروذراوري، ١٩١٦، ٣ / ٢٤٨–٢٤٩)

بەهەمان شێوە (أبی علی الحسن بن أحمد ابن حموله) وەزیری ئەمیر (فخر الدوله البويهی) (٣٨٥-٣٨٧ک/٩٩٥-٩٩٧ز) دوای دورخستنەوەی بۆ مەملەکەتی میر (بدر بن حسنويه) (369–405ك/980–1015ز)ی کوردی لە ترسی سەربازە یاخیبوەکان ساڵی (٣٨٧ک/٩٩٧ز)، دوای ماوەیەک بنەماڵەی ئەمیر (فخر الدوله) لە (الری) کەسێکیان ڕسپاردوە وناردویانە بۆ کوشتنی ئەم وەزیرە. (الروذراوري، ١٩١٦، ٣ / ٢٩٩؛ مسكويه، ٢٠٠٠، ٧ / ٣٥٢)

لەلایەکی تر لە نێو میرنشینە کوردیەکانیش ئەم جۆرە سزایە پەیرەوکراوە، کاتێک (زهمان) خاوەنی شاری (خانقين) وکوڕەکانی لەلایەن (ابو الفتح بن عناز) (٣٨١-401ک/٩٩٢-1011ز) میری میرنشینی (عنازی) کوردی لە (خانقين)

دوردەخرێنەوە ودەخرێنە زیندان، لەلایەن ئەمیر سێ لە کوڕەکانی بە بەرچاوی دەکوژرێن و(زوهمان) دوای ماوەیەک لە بەندیخانە کۆچی دوایی دەکات. (مسکویه، ۲۰۰۰، ۷ / ٤٠٠؛ ابن الأثیر، 1987، 8 / 31)

هۆکارەکە ئەمانە هەوڵی شکاندنی بەندیخانەو ڕاکردنیان داوە، بەڵام پیلانەکەیان ئاشکرابوە.

بەهەمان شـێوە کاتێک (ابن سـوری) حاکمی (الغور) وکوڕەکەی (شـیث) لەلایەن سـوڵتان (محمود الغزنوی) (٣٨٨-٤٢١ک/٩٩٨-١٠٣٠ز) دەسـت بەسـەر دەکرێن ودوردەخرێنەوە بۆ بەندیخانەی (غزنه) سـاڵی (٤٠١ک/١٠١١ز)، ئەم هەڵوێستەی سـوڵتان کاریگەری گەورەی کردۆتە سـەر دەرونی (ابن سـوری) ئەم زەلیلی وبەندایەتیەی پێ قەبول نەبوە، بۆیە لە کاتی بەرێکردنی ئەو ژەهرە دەخوات کەوا لە ژێر ئەنگوستیلەکەی شـاردبویەوە، بەم شێوەیە لە ڕێگادا کۆتایی بەژیانی خۆی هێناوە. (النویري، ٢٠٠٤، ٢٦ / ٢٥؛ محمد، ٢٠٠٥ / ١٠٤-١٠٥)

سـوڵتانە گەورەکانیش ڕوبەڕوی ئەم سزایە بونەتەوە، وەکو چۆن دوای دورخسـتنەوەی سـوڵتان (مسـعود بن محمود الغزنوی) (421-432ک/١٠٣٠-١٠٤١ز) وخانەوادەکەی لەلایەن براکەی بۆ قەڵای (کیکی) لە دەوروبەری (غزنة) ساڵی (٤٣٢ک/١٠٤١ز)، دوای ماویەکی سـوڵتان لەم قەڵایە لەلایەن برازاکەی دەکوژرێت ودەخرێتە نێو بیرێک وسـەری دادەپۆشرێت، ئاماژە بەوە دەکرێت کەوا بە زیندویی خراوەتە نێو بیرەکە وسـەرەکەی داپۆشراوە دواتر مردوە. (ابن الأثیر، 1997، 8 / 16-١٧؛ ابن العبری، ١٩٩٢ / ١٨٣؛ اقبال، 1989 / 198-199)

وەزیرەکان بێ بەش نەبونە لەم سزایە، بۆ نمونە کاتێک ئەمیر (ابی کالیجار البویهی) (435-440ک/١٠٤٤-١٠٤٩ز) وەزیرەکەی بەناوی(محمد بن جعفر بن أبي الفرج)[15] نازناوەکەی (ذا السعادات) بو، دوردەخاتەوە بۆ قەڵای (بنی ورام) لە (بهندف)[16] ساڵی (٤٤٠ک/١٠٤٨ز)، دواتر ئەمیر بڕیاری کوشتنی بەسەردا جێبەجێ کردوە. (ابن الجوزی، ١٩٩٢، ١٥ / ٣١٦)

زۆرجار کەسە سیاسیەکان بەهۆی ئەوەی کەوا مەترسی بونە لەسەر بەرژەوەندی دەسەڵاتداران، دوای دورخستنەوەیان ڕوبەڕوی ئەم کوشتن بونەتەوە، نمونە ئەمیر (قریش) سـەرۆک هۆزی (بنی عقیل)[17] دوای ئەوەی ((ابو المنیع قرواش بن المقلد)[18] مامی دوری دەخاتەوە بۆ قەڵای (الجراحیه) لە موسـڵ، دوای ماوەیەک لەم قەڵایە سزای پەڕاندنی کەللە سەری بۆ دەرکردوە ساڵی (٤٤٤ک/١٠٥٣ز)، دواتر لاشەکەی دەگەڕێنرێتەوە بۆ موسڵ ولە بەشی ڕۆژهەڵات لە (نینوی) دەنێژرێت. (ابن الأثیر، 1997، 8 / 105؛ ابن الوردي، ١٩٩٦، ١ / ٣٤٢؛ ابن فضـل الله العمري، ٢٠٠٥، ٢٦ / ٢٤٤؛ ابن خلدون، 2000 / 339-340؛ ابن العماد، 1989، 4 / 492؛ السید، ٢٠١١ / ٥٧٤)

زۆر جار دەسـەڵاتداری نوێ هەڵسـاوە بەجێبەجێکردنی ئەم سزایە بەسـەر نەیارەکەیان، وەکو چۆن دوای هاتنە سـەر دەسـەڵاتی سـوڵتان (الب ارسلان)[19] ساڵی (٤٥٥ک/١٠٦٣ز)، (عمید الملک الکیندری)[20] وەزیری دورخستۆتەوە بۆ (مرو الروذ)[21] سـاڵی (٤٥٦ک/١٠٦٤ز)، دواتر لەم شـوێنەدا کوژراوە وکەللە سـەرەکەی نێردراوە بۆلای سـوڵتان (الب ارسـلان) لە (کرمان). (ابن الأثیر، 1997، 8 / 188؛ ابن فضـل الله العمری، ٢٠٠٥، ٢٦ / ٢٦٦؛ النویري، ٢٠٠٤، ٢٦ / ١٧٥؛ الذهبي، ١٩٨٤، ٣ / ٢٤٣؛ الشالجی، د، ت، ٣ / ٦٩ )

جۆرێکی تر پەڕاندنی کەللە سـەری بە کۆمەڵ بو لە دوای دورخسـتنەوەیان، بۆ نمونە کاتێک ئەمیر (منیر الدوله الجیوش) والی (الفاطمی) لەسـەر (صـور)[22] لە خەلیفە (المسـتنصر بالله)[23] ی یاخی دەبێت سـاڵی (٤٨٦ک/١٠٩٣ز)، لەلایەن

خەڵکی ناوچەکە (منير الدوله) ودارودەستەکەی دەست بەسەر دەکرێن ودوردەخرێنەوە بۆ (مصر)، دوای گەیشتنیان هەموویان کەڵلە سەریان بەشمشێر دەپەڕێندرێت. (ابن القلانسي، ١٩٨٢ / ٢٠٥؛ ابن الأثير، 1997، 8 / 370–371)

هەندێک جار هۆکاری بڕیاردانی کوشتنی دورخراوەکە لەلایەن دەسەڵاتدارەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوا جارێکی تر ئەم دورخراوە لەلایەن نەیارەکەوە لە دژی بەکارنەهێتەوە، وەکو چۆن سوڵتان (محمود بن محمد بن ملكشاه) (٥١١-٥٢٥ک/١١١٨-١١٣١ز) وەزیرەکەی (شمس الملک) دورخستۆتەوە بۆ (خلخال) ساڵی (٥١٧ک/١١٢٤ز)، دواتر کوشتویەتی، چونکە لەوە ترساوە کەوا (سنجر)[24] داوای وەزیرەکەی بکات وبیگەڕێنێتەوە بۆلای خۆی، دواتر بە هەردوکیان دژی سوڵتان بوەستنەوە. (ابن الأثير، 1997، 8 / 688–689)

لەلایەکی تر سوڵتان (مسعود السلجوقي) (511-547ك/١١١٧-١١٥٣ز) دوای دورخستنەوەی (ابن البقش السلاحی)[25] جێگرەکەی بۆ (تكريت) بۆلای (مجاهد الدين بهروز) ساڵی (٥٣٢ک/١١٣٨ز)، فەرمانی پێکردوە کەوا بیکوژێت، دوای گەیشتنی ئەم هەواڵە بە (ابن البقش)، خۆی دەخاتە نێو ڕوباری دیجلە وکۆتا بە ژیانی خۆی دەهێنێت. (ابن الأثير، 1997، 9 / 98)

ئەم سزایە تەنها دورخستنەوە بوە لە بەغدا بۆ (تكريت) بێ ئەوەی بخرێتە بەندیخانەوە، بۆیە کاتێک هەواڵی نەهێنی کوشتنی پێدەگات، خۆی دەخاتە نێو ڕوباری دیجلە، ئەمە جۆرە هەڵوێستێکی تری ئەمیرە گەورەکان بوە کەوا ڕیسوای وزەلیلیان پێ قەبول نەبوە بۆیە بڕیاری خۆکوشتنیان داوە .

ئەم جۆرە سزایە ئەندامانی بنەماڵەی دەسەڵاتداری گرتۆتەوە، بەتایبەت دوای مردنی سوڵتانی گەورە، بۆ نمونە دوای مردنی سوڵتان (مسعود السلجوقي) ساڵی (٥٤٧ک/١١٥٣ز) یەک ڕیزی لە نێو ماڵباتی سەلجوقیەکان کۆتایی هاتوە، بەشێوەیەک لەگەڵ دورخستنەوەی یەکتری سزای کوشتنیان لە دژی یەکتری بەکارهێناوە، وەکو چۆن کاتێک سوڵتان (ملكشاه بن محمد السلجوقي)(٥٤٧-٥٤٨ک/١١٥٣-١١٥٤ز) لەلایەن (خاص بك بن بلنكرى)[26] دوردەخرێتەوە بۆلای سوڵتان (محمد شاه بن محمود) (٥٤٧–٥٥٤ک/1153–1159ز) لە (خوزستان) ساڵی (٥٤٨ک/1154ز)، سزای کوشتنی بەسەردا جێبەجێکردوە. (ابن الأثير، 1997، ٩ / ١٨٧؛ الشالجى، د، ت، ٥ / ٣١١)

## ب- خنکاندن:

ئەمە جۆرێکی ترە لەو سزایانەی کەوا لەو سەردەمەدا ڕوبەڕوی دورخراوەکان بۆتەوە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بەم شێوەیە:

جاری وا هەبوە دورخراوەکە سزای خنکاندن لە ناو ئاودا بۆ بەکارهاتوە، وەکو چۆن ئەمیر (معز الدوله) لە بەرامبەر سەرکردەیەکی دەیلەمی یاخیبو(روزبهان بن ونداذ خرشيد الديلمى)ی بەکاری هێناوە وبە نەهێنی لە ناوچەی (سميريه) خوار کۆشکی خیلافە لە ئاودا خنکاندویەتی ساڵی (٣٤٥ک/٩٥٧ز)، چونکە کەسایەتیەکی دیاری دەیلەمەکان بوە ولایەنگری زۆربوە، لەلایەکی تر دەیلەمەکان ویستویان ئازادی بکەن. (المقدسي، ١٩٥٨ / ١٧١؛ مسكويه، ٢٠٠٠، ٦ / ٢٠٤؛ ابن كثير، 1990، 11 / 230؛ ابن تغري بردي، ١٩٦٣، ٣/ ٣١٥)

لە نێو خودی بنەماڵەی دەسەڵاتداری سەلجوقی ئەم سزایە دژ بەیەکتری بەکارهاتوە، بۆ نمونە کاتێک سوڵتان (ملكشاه بن الب ارسلان السلجوقي) (٤٦٥–٤٨٥ک/١٠٧٢–١٠٩٢ز) ساڵی (٤٦٥ک/١٠٧٣ز) دەبێتە جێگرەوەی باوکی، مامەکەی بە ناوی (قاورت بک) دژی دەوستێتەوە، (ملكشاه) دەتوانێت دەست بەسەری بکات ولە دوای دورخستنەوە

فەرمانی خنکاندنی بۆ دەرکردوە، باس لەوە دەکرێت کە (قاورت) بە دەســـتی خۆی خۆی کوشـــتبێت بە خواردنی ئەو ژەهرەی کەوا لە ژێرەوەی ئەنگوســـتیلەکەی شـــاردبویەوە. (ابن الجوزی، ۱۹۹۲، ١٦ /١٤٦؛ ابن الأثیر، 1997، 8 / 235-236؛ الذهبی، ۱۹۸٤، ۳ / ۲٥۸- ۲٥۹؛ طقوش، 2016 / 121-122)

لەلایەکی تر سـولْتان (برکیارق بن ملکشـاە) (487-498ک/۱۰۹٤-۱۱۰٥ز) ئەم سزایەی لە بەرامبەر مامەکەی بە ناوی (تکش) بەکارهێناوە دوای دورخســـتنەوەی بۆ (تکریت) ســـاڵی (٤٨٧ک/۱۰۹٤ز)، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ویستویەتی پەیوەندی بە (تتش)[27] ی برای بکات لە دژی سولْتانی نوێ. (ابن الأثیر، 1997، 8 / 385)

هەروەها دوای ئەوەی ســـوڵتان (ســـلیمان شـــاە الســـلجوقی) (555-556ك/۱۱٦۰-۱۱٦۱ز) لە (همذان) لەلایەن خزمەتکارەکەی بە ناوی (کردبازو) دەست بەسەردەکرێت ودوردەخریتەوە بۆ بەندیخانەی یەکێک لە قەڵاکانی دەوروبەر ســـاڵی (٥٥٥ک/۱۱٦۰ز)، دواتر بە ژەهرخواردن کۆتایان بەژیانی هێناوە، ئاماژە بەوەش کراوە کەوا خنکێنرابێت. (ابن الأثر، 1997، 9 / 279)

شـێوازێکی تری خنکاندن دانشـتنی یەکێک لە سـەر پێیەکانی دورخراوەکە وئەوەی تر بەسـەر سـەریەوە ئینجا بە پەتێک دەی خنکێن، وەکو چۆن ئەم شـێوازە لە بەرامبەر یەکێک لە کوڕەکانی وزیر (ابن هبیرة) (499-560ك/۱۱۰٥-۱۱٦۷ز) بە ناوی (عزالدین محمد) پەیڕەوکراوە سـاڵی (٥٦١ک/۱۱٦٦ز). (ابن الجوزي، ۱۹۹۲، 18 / 172؛ الشـالجي، د، ت، ۳ / ۱۲۷)

## دوەم: کوێرکردن:

ئەم سزایە ڕوبەڕوی دورخراوەکان بۆتەوە بەتایبەت کەسە نزیکەکان ودارودەستەی خەلیفە وئەمیر وسولْتانەکان، چونکە کوێرکردن دەبوە هۆی ڕێگریکردن لە وەرگرتنی پلە وپۆسـت لە کاروباری دەوڵەتدا، لەلایەکی تر ئەم سزایە شـێوازێکی نوێی ئەم سەردەمە بوە داهێنراوە، کەوا لە سەردەمەکانی پێشوتر بۆ ئەم لایەنە بەکارنەهاتوە.

وەکو چۆن لە سەرەتای دەستگرتنی کوڕانی (بویە) بەسەر خەلافەت ئەم سزایەیان لە بەرامبەر خەلیفەدا جێبەجێکردوە، دوای ئەوەی ئەمیر (معز الدولە) (۳۳٤–۳٥٦ک/۹٤٦–۹٦۷ز) هەڵســـاوە بە دورخســـتنەوەی خەلیفە (المســـتکفي) (۳۳۳–۳۳٤ک/۹٤٤–۹٤٦ز) لە پۆستەکەی ساڵی (۳۳٤ک/۹٤٦ز)، دواتر سزای کوێرکردنی بەسـەردا جێبەجێکردوە، ئەمە یەکەم کاردانەوەی کوڕانی (بویە) بوە بەرامبەر بە خەلیفە. (المسـعودي، د، ت / ۳٤٥؛ ابن الجوزي، ۱۹۹۲، ١٤ / ٤٥؛ ابن العبري، ۱۹۹۲ / ١٦٧؛ ابن تغري بردي، ۱۹٦۳، ۳ / ۲۸٥؛ السیوطي، ۲۰۰٥ / ۳۷۰؛ فییە، 1990/ 222)

لەلایەکی تـر کـاتـێـک تـورکەکـان بە ســـەرکـردایەتی (تـکـین الشـــیرازی) لە (نـاصر الـدولە الـحـمـدانی)[28] (۳۱۷–۳٥۸ک/۹۲۹–۹٦۹ز) هەڵدەگەڕێنەوە، ئەمیر بەهاوکاری (معز الدولە) دەتوانێت ئەم سەرکردەیە دەست بەسەر بکات ساڵی (۳۳٥ک/947ز)، دواتر سزای کوێرکردنی بەسـەردا جێبەجێ دەکات ودوری دەخاتەوە بۆ بەغدا. (مسـکویە، ۲۰۰۰، ٦ / ۱٤۰-۱٤۲؛ ابن الأثیر، 1997، 7 /172-173؛ ابن خلدون، 2000، 4 /301؛ الشالجي، د، ت، ٥/ ۱۸۸)

ئەم سزایە ئەندامانی بنەماڵەی دەسەڵاتداریشی گرتۆتەوە، وەکو چۆن ئەمیر (نوح السامانی)[29] دوای ئەوەی (ابراهیم)ی مامی دژی دەوەســـتێتەوە بە مەبەســـتی وەرگرتنی دەســـەڵات، خۆی وژمارەیەک لە ئەندامانی بنەماڵەکەی لەلایەن ئەمیر (نوح)ی برازای دەست بەسـەر دەکرێن، دواتر دوردەخرێنەوە بۆ (بخاری) وسزای کوێرکردنیان بەسـەردا جێبەجێ دەکات

ساڵی (٣٣٧ک/949ز). (المقدسي، ١٩٥٨ / ١٥٩–١٦٠؛ ابن الأثير، 1997، 7 / 169–170؛ ابن تغري بردي، ١٩٦٣، ٣ / ٢٩٥)

جێبەجێکردنی ئەم سزایە بۆ ئەوە بوە بەیەک جاری بیرۆکەی یاخیبون وەرگرتنی دەسەڵات لە هۆشیان بسڕێتەوە.

هەندێک جار دەســەڵاتدار کەوتۆتە ژێر کاریگەری دەوروبەرەکەی لە جێبەجێکردنی ئەم سزایە، وەکو چۆن ئەمیر (شرف الدوله) (٣٧٢–٣٨٠ک/٩٨٣–٩٩٠ز) لەلایەن (نحریر الخادم)ی خزمەتکاری پێشنیاری ئەوەی بۆ کراوە کەوا (صمصام الدوله) (٣٧٣–٣٧٧ك/٩٨٤-٩٨٨ز)ی برای بکوژێت لە دوای دورخســتنەوەی بۆ یەکێک لە بەندیخانەکانی قەڵای (فارس)، ئەمیر دژی ئەم پێشـنیارە بوە، بەڵام دوای ئەوەی ئەمیر دوچاری نەخۆشـیەکی کوشـندە دەبێتەوە (نحریر) پێی ڕادەگەیەنێت کەوا چارەنوسی دەسـەڵاتەکەی لە مەترسی دایە بە مانەوەی (صـمصـام الدوله)، بۆیە ئەگەر ناشی کوژێت ئەوا کوێری بکە، ئەمیر هاتۆتە ســەر بۆچونەکەی وســاڵی (٣٧٩ک/٩٨٩ز) کەســێکی بە ناوی (محمد الشــیرازی بن الفراش)ی ڕاســپاردوەی بچێت بۆ (أهواز) و(صــمصــام الدوله)ی برای کوێر بکات، هەرچەندە لە ســەر وبەندی جێبەجێکردنی فەرمـانەکە ئەمیر کۆچی دوایی کردوە، بەڵام فەرمـانەکەی جێبەجێ کراوە. (الروذراوري، ١٩١٦، ٣ / ١٤٩–١٥٠؛ مســکویە، ٢٠٠٠، ٧ / ١٧٩؛ ابن الاثیر، 1997، 7 / 426؛ ابن العبري، ١٩٩٢: ١٧٣؛ النويري، ٢٠٠٤، ٢٣ / ١١٧؛ ابن كثير، 1990، 11 / 305؛ ابن فضـل الله العمری، ٢٠٠٥، ٢٦ / ١٨٠؛ السـيوطی، ٢٠٠٥ / ٣٨٢؛ ابن العماد، 1989، 4 / 404؛ أقبال، 1989 / 78)

جێبەجێکردنی بڕیارەکەی ئەمیر دوای مردنی، بەڵگەی ڕق وکینەی دارودەستەی ئەمیربوە لە بەرامبەر (صمصام الدوله).

ئەمیرێکی تری کوردی ڕوبەڕوی ئەم سزایە بۆتەوە، بۆ نمونە دوای ئەوەی کوردە (لوڕەکان) لە میر (سرخاب) برای ئەمیر (ابی الشــوک العناز) (٤٠١-٤٣٧ک/١٠١١-١٠٤٦ز) میری میرنشــینی (عنازی) هەڵدەگەڕێنەوە ومیر دەســت بەســەر دەکەن، دوری دەخەنەوە بۆلای (إبراهیم ینال) دایک برای (طغرل بک)[٣٥] ســاڵی (٤٣٩ک/١٠٤٨ز)، هۆکارەکەی خراپی هەڵسوکەوتی میرەکە بوە لە بەرامبەریان، دواتر بە دڕندانەترین شێوە ئەشکەنجە دەدرێت وچاوێکی کوێر دەکرێت لەلایەن (إبراهیم ینال). (ابن الجوزي، 1992، 15 / 308؛ ابن الأثیر، ١٩٩٧، 8 / ٦٠؛ النويري، ٢٠٠٤، ٢٦ / ١٦٣؛ ابن كثير، 1990، 12 / 56؛ النقشبندي، ٢٠١٣ / ١٣٩؛ ارشاک، ٢٠٠٩ / ٢٢٨ )

دەسـەڵاتداری نویێ (الطنطاش) ئەم سزایەی بەسـەر کەسی نزیکی خۆی جێبەجێکردوە لە پێناو مانەوە لە دەسـەڵات، بۆ نمونە دوای مردنی ئەمیر (امین الدوله) خاوەنی (صرخد[٣١] وبصرــی[٣٢])، کۆیلەکەی بە ناوی (الطنطاش) دەســت دەگرێت بەسەر هەردو قەڵاکە، لەدوایدا ئەشکەنجەی (خطلخ)ی برای داوە وچاوێکی کوێر کردوە ودوری خستۆتەوە بۆ (دمشـق)، دواتر (الطنطاش) لە ساڵی (٥٥٠ک/١١٥٥ز) کۆچی دەوایی کردوە. (الصفدي، ٢٠٠٠، 9 / ٢١٣؛ الشالجی، د، ت، ٤ / ٩٢)

زۆرجار ســوڵتانی نویێ بە لەناوبردنی نەیارەکەی نەوەســتاوە بەڵکو ڕوبەڕوی خانەوادەکەشی بۆتەوە وئەم سزایەی بەسـەردا جێبەجێکردون، وەکو چۆن دوای ئەوە سـوڵتان (ملکشـاە بن الب ارسـلان) سـاڵی (٤٦٥ک/١٠٧٣ز) (قاورت بک)ی مامی دەسـت بەسـەرکردوە، منداڵەکانی کۆکردونەتەوە لەگەڵ (ابراهیم ینال) زاوای مامی، دواتر یەکەیەکە (کلی) کردونەتە چاویان بە مەبەسـتی کوێرکردن، دواجار دوری خسـتونەتەوە بۆ (همدان). (ابن الجوزي، ١٩٩٢، ١٦ / ١٤٦؛ طقوش، ٢٠١٦ / ١٢٢؛ الشالجي، د، ت، ٤ / ٩٢).

دورخراوەکان تەنها ڕوبەڕوی چاو کوێرکردن نەبونەتەوە، بەڵکو سزای چاو دەرهێنانیان لە بەرامبەردا بەکارهاتوە، وەکو چۆن دوای ئەوەی سـوڵتان (ملکشـاه) سـەرۆکی سـەرۆکان (ابوالمحاسـن بن کمال الملك ابی الرضـا) دوردەخاتەوە بۆ بەندیخانەی قەڵای (ساوه)، فەرمان بە دەرهێنانی چاوی ئەم کەسایەتیە دەکات وچاوەکەی بە چەقۆ دەردەهێنن ساڵی (٤٧٦ك/١٠٨٤ز)، دواتر بۆ سـوڵتانی ڕەوانە دەکەن، ئەویش فڕێی دەداتە پێش سـەگی ڕاو، هۆکارەکە ئەم کەسـایەتیە ویسـتویەتی نێوانی سـوڵتان وەزیرەکەی (نظام الملک)[٣3] تێک بدات، بە مەبەسـتی هێنانە دی بەرژەوەندیەکانی. (ابن الجوزي، ١٩٩٢، ١٦ / ٢٢٨؛ ابن الأثیر، ١٩٩٧، ٨ / ٢٨٨؛ النویري، ٢٠٠٤، ٢٦ / ١٨٦؛ الشالجي، د، ت، ٤ / ٩٥)

## سێیەم: دەستگرتن بەسەر سەروەت وسامان:

ئەمە جۆرە سیاسەتێکی تری دەسەڵاتداران بوە لە بەرامبەر دورخراوان پەیڕەویان کردوە، دوای دورخستنەوەیان دەستیان گرتوە بەسەر سەروەت وسامانیان، ئەم سیاسەتە سەرەتا لەلایەن کوڕانی (بویە) جێبەجێکراوە، کاتێک ئەمیر (عز الدولە بختیار) (356-367ك/٩٦٧-٩٧٧ز) دەسەڵات دەگرێتە دەست، یەکێک لە سیاسەتەکانی دەست گرتن بوە بەسەر موڵک وماڵی گەورە پیاوانی دەیلەم دوای دورخسـتنەوەیان، بەهۆی چاوتێبڕین لەو سـەروەت وسـامانەی کەوا کۆیان کردبوەوە. (مسـکویە، ٢٠٠٠، ٦ / ٢٧٣-٢٧٤؛ المقدسي، ١٩٥٨: ١٩٦؛ ابن کثیر، 1990، 6 / 263؛ القلقشـندي، 1985، 1 / 303-٣٠٤)

لەلایەکی تر لە دوای ئەوەی ئەمیر (عز الدولە بختیار) وەزیرەکەی بەناوی (ابا الفضـل العباس) دەنێرێت بۆ (بصرـة) بۆ کۆتایی هێنان بەیاخی بونی (الحبشی) برای ساڵی (٣٥٧ك/٩٦٨ز)، وەزیرەکە لەدوای سەرکەوتنی بەسەر (الحبشی) لە (بصرة) دوری دەخاتەوە ودەست دەگرێت بەسەر سەروەت وسامانەکەی، لەو کەل وپەلانەی کەوا دەستی بەسەردا گرتوە دە هەزار بەرگی کتێب بوە، لەگەڵ ئەوانەی کەوا بەرگیان نەبوە. (النویري، ٢٠٠٤، ٢٦ / ١١٣)

ئەم سیاسەتە جیاوازی نەکردوە لە نێوان کەسە نزیکەکانی دەسەڵاتداران ودارودەستەیان، بۆ نمونە کاتێک ئەمیر (ابی تغلب بن ناصر الدولە الحمدانی) (٣٥٧-٣٦٩ك/٩٦٨-٩٧٩ز) پەیوەندی لەگەڵ (حمدان)ی برای تێکدەچێت، لە (الرحبة)[٣4] دەری دەکات ودوردەخرێتەوە بۆ بەغدا، دواتر ئەمیر دەسـت دەگرێت بەسـەر موڵک وماڵی براکەی سـاڵی (٣٥٧ك/948ز). (مسکویە، ٢٠٠٠، ٦ /٢٩٥؛ المقدسي، ١٩٥٨ /٢٠١-٢٠٢؛ النویري، ٢٠٠٤، ٢٦ / ٨٣)

هەر سەبارەت بە ئەمیر (عز الدولە بختیار) سیاسەتی دەستگرتن بەسەر سەروەت وسامانی لە بەرامبەر نوسەرکەی بەکارهێناوە، کاتێک ئەمیر نوسەرە فارسەکەی بە ناوی (شـیرزاد) دوری دەخاتەوە بۆ (أهواز) ساڵی (٣٥٨ك/٩٦٩ز)، دوەم ڕۆژ لە دوای دورخستنەوەی دەست دەگرێت بەسەر موڵک وماڵ وکەنیزەکانی. (مسکویە، ٢ / ٢٩٨-٢٩٩؛ ابن الأثیر، 1997، 7 / 289؛ الشالجی، د، ت، ٣ / ٢٠٣)

بە هەمان شێوە ئەمیر (ابی تغلب الحمدانی) (٣٥٨-٣٦٩ك/٩٦٩-٩٨٠ز) دوای دورخستنەوەی (ابو الفوارس)ی برای بۆ قەڵای (کواشی)[٣5] سـاڵی (٣٦٠ك/٩٧١ز)، دەسـتی گرتوە بەسـەر موڵک وماڵی کە بە پێنج سـەدد هەزار دینار دەخەمڵێنرا. (ابن الأثیر، 1997، 7 / 284)

ئەمیرەکانیش لەلایەن دارودەسـتەکەیان ڕوبەڕوی ئەم سـیاسـەتە بونەتەوە، بەتایبەت دوای یاخی بونی یەکێک لە سـەرکردە گەورەکان، وەکو چۆن ئەمیر (عز الدولە بختیار) ڕوبەڕوی ئەم سـیاسـەتە بۆتەوە لەلایەن (سبکتکین)[٣6]پەردەداری (معز الدولە)ی باوکی، دوای ئەوەی (سبکتکین) خانەوادەی ئەمیر لە بەغداوە دوردەخاتەوە بۆ

(واسط) ساڵی (٣٦٣ك/٩٧٤ز)، تەواوی کەل وپەلەکانی کۆشکی بنەماڵەی ئەمیری بەتاڵان بردوە ودەستی گرتوە بەسەر ماڵ ودارایيەکەی، لەلایەکی تر تورکە لایەنگرەکانی نیشتەجێی خانوی دەیلەمەکانی کردوە وتاڵانکاریان تێدا ئەنجام داوە، کە ئەوکات ئەمیر لە (اهواز) بوە. (مسكويه، 2000، 6 / 371؛ النويری، ٢٠٠٤، ٢٦ / ١١٥؛ ابن كثير، 1990، 11 / 275؛ وفاء، 1991 / 49)

جگە لەوانە ئەمیر (عضد الدوله البويهی) کەسێکی تری بە ناوی (محمد بن عمر العلوی)[٣٧] لە (البطيحة) دەست بەسەرکردوە ودوری خستۆتەوە بۆ (فارس) ساڵی (٣٦٩ك/980ز)، دواتر ئەمیر یەکێک لە کاربەدەستەکانی خۆی ناردوە بۆ (الكوفة) بۆ ئەوەی دەست بگرێت بەسەر سامان ومولک وماڵەکەی، کە توانی دەست کەوتێکی زۆر لە ماڵ وچەک وکەل وپەلەکانی تر دەست بەسەردا بگرێت. (مسكويه، ٢٠٠٠، ٦ / ٤٦٢؛ ابن الأثير، 1997، 7 / 374)

هەندێک جار لە دەرەنجامی یاخیبونی سەربازەکان گەورەکەیان دەست بەسەر کردوە ودوریان خستۆتەوە، دواتر دەستیان گرتوە بەسەر کەل وپەلەکانی، بۆ نمونە دوای ئەوەی سەربازان لە دژی ئەمیر (جلال الدوله البويهي) (416–435ك/١٠٢٦–١٠٤٤ز) یاخیبونیان ئەنجامدا ساڵی (٤٢٧ك/١٠٣٦ز)، ئەمیریان دورخستۆتەوە بۆ (تكريت)، دواتر سەربازان کەل وپەلی نێو کۆشکەکەیان بەتاڵان بردوە. (ابن الجوزي، ١٩٩٢، ١٥ / ٢٥٤؛ ابن الأثير، 1997، 7 / 774؛ النويري، ٢٠٠٤، ٢٦ / ١٤٦)

مردنی دەسەڵاتداران کاریگەری هەبوە بەسەر جێبەجێکردنی ئەم سزایە بەسەر کەسە نزیکەکانی ودارودەستەکەی لەلایەن نەیارەکەیەوە، وەکو چۆن دوای مردنی سوڵتان (مسعود بن محمد بن ملكشاه) ساڵی (٥٤٧ك/١١٥٣ز)، خەلیفە (المقتفي) (٥٣٠–٥٥٥ك/١١٣٦–١١٦٠ز) هەڵساوە بە دەرکردن ودورخستنەوە ودەستگرتن بەسەر مولک وماڵی لایەنگرانی سوڵتان، چونکە سوڵتان لە کۆتا ساتەکانی ژیانی ئازارێکی زۆری خەلیفەی دابو. (النويري، ٢٠٠٤، ٢٣ / ١٦٧؛ الذهبي، ١٩٨٤، ٤ / ١٢٧–١٢٨)

چوارەم: گەڕاندنی دورخراوەکان بەنێو خەڵکدا بە مەبەستی بێڕێزکردنیان.

گەڕاندنی دورخراوەکان بە نێو خەڵکدا شێوازێکی تری سزاکە بوە بەمەبەستی ڕسواکردن وسوکایەتی پێکردن، لەلایەکی تر ترساندنی خەڵکەکەبوە بۆ ئەوەی بیر لە ئەنجام دانی ئەم جۆرە ئاکار وڕەفتارانە نەکەنەوە بۆ ئەوەی ڕوبەڕوی ئەم جۆرە سزایانە نەبنەوە، وەکو چۆن دوای ئەوەی کەسێک بە ناوی (ابن ابی علی) لە دەوروبەری بەغدا کاری ڕێگری وچەتەیی کردوە ساڵی (٣٣٤ك/٩٤٦ز) سەردەمی ئەمیر معز الدوله (٣٣٤–٣٥٦/٩٤٦-٩٦٧ز)، کاتێک دەست بەسەر دەکرێت ودوردەخرێتەوە بۆ بەغدا، بەسەر پشتی وشترێک بەنێو خەڵکدا گەڕاندویانە، دواتر بەر لە گەیشتنی دورخراوەکە بۆ کۆشکی سوڵتان خەڵکەکە کوشتویانە. (ابن الجوزي، ١٩٩٢، ١٤ / ٤٢)

سەرکردەیەکی دەیلەمی (رزبهان) لە ئەمیر (معز الدوله) یاخی دەبێت ساڵی (٣٤٥ك/957ز)، ئەمیر دەست بەسەری دەکات ودوری دەخاتەوە بۆ بەغدا بەناو خەڵکدا دەیگەڕێنێت بەمەبەستی سوکایەتی پێکردن، خەڵک بە تانە لێدان بانگیان کردوە. (مسكويه، ٢٠٠٠، ٦ / ٢٠٢–٢٠٣؛ ابن الأثير، 1997، 7 / 216؛ الشالجي، د، ت، ٣ / ٢٣٨)

سەرەڕای ئەوەی کە باسکرا کاتێک (الشريف بن ابی يعلی العباسی) لە (دمشق) لە دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی فاتیمی یاخی دەبێت وبانگەواز بۆ خەلیفە (المطيع العباسی) (٣٣٤–363ك/946 –974ز) دەکات ساڵی (٣٥٨ك/969ز)، لەلایەن سەرکردەی فاتیمی (جعفر بن فلاح)[38] دەست بەسەردەکرێت وسواری پشتی وشترێک دەکرێت وبەناو خەڵکدا

دەگەڕێندرێت، کڵاوێکی لە لباد دروستکراوی لەسەر کراوە وکەسێکی مەغریبی بەدوای ڕۆیشتوە وبە بەری دەست لێیداوە، دوای تەواو بونی گەڕاندنەکە دوریان خستۆتەوە بۆ وڵاتی (مصر). (ابن تغري بردي، ١٩٦٣، ٤ / 33؛ ابن العماد، 1989، 4 /317؛ الشالجي، د، ت، ٣ / ٢٣٨)

ئەمیر (عزالدولە بختیار) دوای ئەوەی هەڵدەستێت بە کوێرکردنی وەزیرەکەی بە ناوی (ابن بقیة) ساڵی (٣٦٧ک/٩٧٨ز)، بەکوێری دوری خستۆتەوە بۆلای ئەمیر (عضد الدولە)ی کوڕە مامی لە (فارس)، دوای گەیشتنی بە لای ئەمیر (عضد الدولە) لەسەر پشتی وشتر بەناو سەربازگەکەی گەڕاندوە، ئینجا فڕێی داوەتە ژێر پێی فیلەکان ودواتر لە خاچی داوە. (التنوخي، ١٩٩٥، ٣ / ١٦٩؛ ابن الجوزي، ١٩٩٢، ١٤ / ٢١٦؛ النويري، ٢٠٠٤، ٢٦ / ١٢٠؛ ابن العماد، 1989، 4 / 366؛ الشالجي، د، ت، ٤ / ٨٩)

ڕوداوێکی تر کە لە ناوچە کوردنشینەکان ڕویداوە، هۆزێکی عەرەب بە ناوی (بني شيبان)[39] دەست دەکەن بە خراپەکاری ورێگریکردن لە (دقوقا)، بۆ کۆتایی هێنان بە مەترسیان ئەمیر (عضد الدولە) لەشکرێک بە سەرکردایەتی (ابا العلاء عبيدالله بن الفضل) ناردوتە سەریان وژمارەیەکی زۆریان دەست بەسەرکردونە ودوریان خستونەتەوە بۆ بەغدا، جلێکی ڕەنگاوڕەنگیان لەبەر کردونە وبەسەر پشتی وشتر بە ناو خەڵکدا گەڕاندویانن، دواتر خراونەتە بەندیخانەی (المطابق) لە بەغدا. (مسكويه، ٢٠٠٠، ٦ / ٤٤٨؛ الشالجي، د، ت، ٣ / ٢٣٩-٢٤٠)

شێوازێکی تری بەکارهێنراو لە بەرامبەر دورخراوەکان، پۆشینی جل وبەرگێکی تایبەت بوە، بۆ ئەوەی لە خەڵکانی ئاسایی جیابکرێنەوە ولەکاتی ڕاکردن دەسەڵاتدار بتوانێت بە ئاسانی لە خەڵکی ئاسایی جیا بکرێنەوە.

زۆرجار سەرکەوتنی دەسەڵاتدارێک بەسەر دەسەڵاتدارێکی تر دەرفەت بۆ خەڵکی ستەم لێکراو هاتۆتە پێش بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆیان لە والی ستەمکاری پێشو بکەنەوە، وەکو چۆن دوای ئەوەی ئەمیر (عضد الدولە) بەسەر (عز الدولە بختیار) سەردەکەوێت ودەست دەگرێت بەسەر عێراق ساڵی (٣٦٩ک/٩٨٠ز)، والی ئەمیر (عز الدولە) لەسەر (بصرة) (عبد العزيز بن محمد) ناسراو بە (الكراعى) لەلایەن خەڵکەکەوە دەست بەسەر دەکرێت وبەسواری کەشتی دوردەخرێتەوە بۆ بەغدا، لە (مدينە السلام) بەناو خەڵکدا دەگەڕێندرێت ودوای دورخستنەوەی بۆ بەغدا فڕێ دراوەتە ژێر پێی فیلەکان وپێیان کشاوە ودواتر لە خاچیان داوە، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوا کەسێکی خراپەکار وستەمکاربوە بەرامبەر بە خەڵکەکە. (مسكويه، ٢٠٠٠، ٦ / ٤٦٣-٤٦٤؛ الشالجى، د، ت، ٣ / ٢٣٩)

دیارە فرێدانە ژێر پێی ئاژەڵەکان دیاردەیەکی باوی ئەم سەردەمە بوە، دەکرێت بڵێین مەبەست لەم شێوازە بەسەر بردنی کاتێکی خۆش وتەمێکردنی بەرپرسانی تر بوە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە، بۆپێکەنین وگاڵتەجاڕی کردن بە دورخراوەکە.

لەم سەردەمەدا کوردەکانیش ڕوبەڕوی ئەم سوکایەتی پێکردنە بونەتەوە لەوانە کوڕانی میر (حسنويه)، دوای ئەوەی ئەمیر (عضد الدولە) ساڵی (٣٦٩ک/980ز) (بدر بن حسنويه) بە میری نوێی میرنشینەکە هەڵیدەبژێرێت، لەلایەن (عاصم) برای ودارودەستەکەی دژایەتی دەکرێت وملکەچی نابن، بۆیە ئەمیر (عضد الدولە) (عاصم) دەست بەسەر دەکات وجبەیەکی ئاوریشمی لەبەر کردوە وسواری پشتی حوشتری کردوە وبەناو خەڵکدا گەڕاندویەتی، دواتر دوری خستۆتەوە بۆ (همدان)، لە دوای ئەم ڕوداوە هیچ هەواڵێک لە بارەی (عاصم) نەزانراوە. (مسكويه، 2000، 7 / 20؛ الشالجي، د، ت، ٣ / ٢٣٩؛ النقشبندي، ٢٠١١ / ١٦١)

ڕوداوێکی تر سـەبارەت بە کوردەکان سـاڵی (٣٧٣ک/984ز) بو، دوای ئەوەی ئەمیر (صـمصـام الدولە) (٣٧٣–٣٧٧ك/٩٨٤-٩٨٨ز) ژمارەیەک لە دارودەستەی میر (باد)[40] لە موسڵ دەست بەسەر دەکات ودوریان دەخاتەوە بۆ بەغدا، بەناو خەڵکدا گەڕاندونی. (الروذراوري، ١٩١٦، ٣ / ٨٦؛ مسـکویە، 2000، 7 / 109؛ ابن الأثیر، 1997، 7 / 405؛ الشالجي، د، ت، ٣ / ٢٤٠)

لەلایەکی تر دوای کۆتایی هاتنی ئاشتەوایی نێوان (صمصام الدولە) وبراکەی (بهاء الدولە) ساڵی (٣٨٣ک/٩٩٤ز)، ئەمیر (بهاء الدولە) سـەرکردەیەکی سـەربازی خۆی بەناوی (ابی العلاء عبدالله بن الفضـل) ناردوە بۆ دەسـتگرتن بەسـەر (خوزسـتان)، بەڵام دواجار لەلایەن سـەربازانی ئەمیر (صـمصـام الدولە) دەسـت بەسـەر دەکرێت ولە (فارس) دوردەخرێتەوە بۆ (شیراز) بۆلای ئەمیر ساڵی (٣٨٣ک/٩٩٤ز)، لەسەر پشتی وشترێک بەناو سەربازەگەکەیاندا سوڕاندوە وجلێکی ڕەنگ کراویان لەبەر کردوە، کاتێک دایکی (صـمصـام الدولە) چاوی بەم دیمەنە دەکەوێت، فەرمان دەکات کەوا ئەو پۆشـاکەی لەبەردا دابکەنن وپۆشـاکێکی تری بخەنە بەر، دواتر دوربخرێتەوە بۆ یەکێک لە قەڵاکانی دەوروبەر. (مسکویە، ٢٠٠٠، ٧ / ٣٠٠؛ ابن الأثیر، ١٩٩٧، ٧ / ٤٥٧–٤٥٨؛ الشالجی، د، ت، ٣/ ٢٤٠)

لە ڕوداوێکی تردا دوای ئەوەی وەزیر (فخر الملک)[٤١]توانی گەورەی هۆزی (بنی خفاجە)[42] بە ناوی (محمد بن ثمال) وژمارەیەک لەلایەنگرانی دەسـت بەسـەر بکات سـاڵی (٤٠٤ک/1014ز)، دوری خسـتونەتەوە بۆ بەغدا، دواتر بەناو خەڵکدا گەڕاندونی وخسـتونەتیە بەندیخانە. (ابن الأثیر، 1997، 7 / 593؛ آدم، د، ت، ٢ / ٨٩؛ الشـالجي، د، ت، ٣ / ٢٤١–٢٤٢)

هەر سـەبارەت بەم هۆزە کاتێک (نور الدولە دبیس)[43] لەلایەن ئەم هۆزە ڕوبەروی تاڵانکاری وپەلاماردان دەبێتەوە، دوای هاوکاری لە (البسـاسـیری)[44] دەکات، (البسـاسـیری) ڕوبەڕوی (بنی خفاجە) بۆتەوە وبیست وپێنج لە پیاوانی ئەم هۆزی دورخسـتۆتەوە بۆ بەغداو بە پەتێک بەسـتونیەتەوە بەسـەر پشـتی وشـتر سـاڵی (٤٤٦ک/١٠٥٥ز). (ابن الأثیر، 1997 8: 117؛ الشالجی، د، ت، مج٣: ٢٤٢–٢٤٣)

زۆرجار کەسـە دیارەکان کاتێک لە خەلیفە یاخی دەبون ڕوبەڕوی ئەم سزایە دەبونەوە، وەکو چۆن (ابن فسـانجس)[45] دوای چونی بۆ (واسط) لە دژی خەلیفە عەباسی وتاری بە ناوی خەلیفەی فاتیمی خوێندۆتەوە ساڵی (٤٤٨ک/1057ز)، سـەربازانی خەلیفە دەسـت بەسـەریان کردوە لەگەڵ کەس وکارەکەی، دوای دورخسـتنەوەی بۆ بەغدا سـاڵی (٤٤٩ک/1058ز) کوڵاوێک وجلێکی سوریان لەبەر کردوە وبەسەر پشتی وشتر گەڕاندویانە، دواتر لە خاچیان داوە. (ابن الأثیر، 1997، 8 / 139؛ الشالجي، د، ت، ٣ / ٢٤٢–٢٤٣)

لە ڕۆژگاری خەلیفە (المقتدی بالله) (٤٦٧–٤٨٧ک/١٠٧٥–١٠٩٤ز) کاربەدەسـتێک بە پلەی (المحتسـب) چاودێر، هەڵساوە بە گەڕاندنی ئافرەتە بەدڕەوشتەکان بەناو خەڵک ساڵی (٤٦٧ک/١٠٧٥ز)، ژمارەیەکی بە سواری گوێ درێژ بە ناوخەڵکدا گەڕاندوە کە ئەمانە ئافرەتی بێ ڕەوشتن، دواتر دوری خستونەتەوە. (ابن الجوزي، ١٩٩٢، ١٦ / ١٦٦؛ فهمي، ١٩٩٣ / ٤٢٩؛ الشالجي، د، ت، ٣ / ٢٤٥)

یەکێک لە دورخراوەکانی تر بەناوی (تلیا)ی فەلەکناس دوای ئەوەی لە (بحرین) دوردەخرێتەوە بۆ بەغدا سـاڵی (٤٨٣ک/١٠٩١ز)، لە سـەر پشـتی وشـترێک بەناو خەڵکدا دەیگەڕێنن وبە دارێک لێی دەدەن وخەڵک جنێوی پێدەدەن ونەفرینی لێدەکەن، دواتر لە خاچ دەدرێت، هۆکارەکە ئەم کەسایەتیە بانگەشەی ئەوەی بۆ خۆی دەکرد کەوا ئەو پێشەوا (مهدی)ە وخاوەنی ئەو ڕۆژگارەیە کەوا فەرمان بەچاکە ورێگری لە خراپە دەکات، لەلایەکی تر ڕێ خۆشـکەر وهاندەری

هۆزێکی عەرەب بوە بۆ ئەوەی هەڵمەت بەرێت بۆ سەر (بصرة) بۆ ئەنجامدانی تاڵانکاری، ئەمە یەکەم سەرپێچی عەرەبەکان بوە لە سەردەمی سوڵتان (ملکشاە السلجوقی) کەوا ئەنجام دراوە. (ابن الجوزي، ١٩٩٢، ١٦ / ٢٨٩؛ ابن الأثير، ١٩٩٧، ٨ / ٣٣٧؛ ابن كثير، 1990، 12 / 137؛ الشالجي، د، ت، ٣ / ٢٤٥-٢٤٦)

جگە لە گەڕان وسوڕاندن بەنێو شار وخەڵکدا، ڕەفتاری تریشیان لە بەرامبەر بەکارهێناون لەوانە دەم وچاو ڕەشکردون وسواری پشتی مانگاکردن، لە خاچ دان، پیا هەڵگۆتنی هۆنراوەی جنێودان، تەنانەت ئافرەتەکانیش گۆرانیان بەسەردا گوتون، وەکو چۆن خەڵکی (غزنه) ئەمانەیان پەیڕەوکردوە لە بەرامبەر برای پادشای غۆری (علاء الدن الحسين بن الحسين) کە ناوی (سيف الدين سوری) ساڵی (٥٤٧ک/١١٥٣ز). (ابن الاثير، 1997، 9 / 190)

جۆرێکی تر لە سزا دوای ئەوەی سوڵتان (محمد السلجوقی) (474–511ک/1082–1117ز) توانی دەست بگرێت بەسەر قەڵای (شاە دز)ی گروپی (إسماعیلیه) لە نزیک (أصفهان) ساڵی (٥٠٠ک/١١١٢ز)، خاوەنی قەڵاکەی دەست بەسەرکردوە بە ناوی (احمد بن ملک بن عطاش)، هەفتەیەک بە دەست بەسەری هێشتویەتیەوە، دواتر سوڵتان بڕیاریداوە بە سوڕاندنی بەناو تەواوی وڵات، دوای ئەمە پێستی لەلاشەکەی داماڵراوە وکوشتویەتی. (النويري، ٢٠٠٤، ٢٦ / ٢٠٩)

شێوازێکی تری ئەشکەنجە ترسناک کەوا ڕوبەڕوی دورخراوەکان بۆتەوە داماڵینی پێستی سزادراوەکە بوە لەلاشەی، ئەمەش جۆرێکی تری ئەم داهێنانە بوە کەوا لە سروشتی سزای دورخستنەوە زیادکراوە وکاری پێکراوە، کە زیاتر بۆ ترساندن وتۆقاندنی نەیارەکانی بوە.

جگە لەم سزایانە شێوازێکی تر باوبوە ئەویش سوڕاندنی کەللە سەری کەسی دورخراوبو، وەکو چۆن دوای ئەوەی (الصيداوی) یەکێک لە چەتە ورێگرەکان لەلایەن (ابا علی الحسن بن محمان) لە دەشتە بەراوەکانی ڕوباری فورات دەستگیر دەکرێت ودوردەخرێتەوە بۆ (کوفه) ساڵی (٣٧٠ک/٩٨٠ز)، دەکوژرێت وکەللە سەرەکەی دەنێرن بۆ لە بەغدا وبەناو خەڵکدا دەی سوڕێنن. (الروذراوري، ١٩١٦، ٣ / ١٢؛ مسكويه، ٢٠٠٠، ٧ / ٢٠)

لەسەر ناپاکی ودوڕویی والی ناوچەکە ڕوبەڕوی ئەم سزایە بۆتەوە، بۆ نمونە دوای ئەوەی مەلیک (نور الدين محمود زنکی) (٥٤١-٥٦١ک/١١٤٧-١١٦٦ز) دەست دەگرێت بە سەر (دمشق) یەکێک بەناوی (أبی سالم بن همام الحلبی) دەکات بە بەرپرسی چاودێری دیوان، دوای ماوەیەک ناپاکی کردن ودوڕویی لەم کەسایەتیە دەرکەوتوە لە بەرامبەر کارەکانیدا، کەوا لەلایەن خەڵکەکەوە ئاشکرا کراوە، بۆیە مەلیک فەرمانی دەست بەسەرکردن وخستنە بەندیخانەی بۆ براندۆتەوە، دواتر مەلیک لە دوای ڕەشکردنی دەم وچاوی ئەم کەسایەتیە بڕیاری ڕیش تاشین وبە پێچەوانە سواری گوێ درێژکردن وکەسێک بە دارێک لە دواوەی بڕوات ولە ناو بازاڕی (دمشق) بیسوڕێنن ساڵی (٥٥١ک/١١٥٦ز)، دواتر بانگەواز بکرێت کە ئەمە پاداشتی ناپاک ودوڕوەکانە، دواتر فەرمانی دورخستنەوەی بۆ (حلب) بەسەردا جێبەجێ کراوە. (ابن القلانسي، ١٩٨٢ / ٥١٦)

## پێنجەم: سزای زمان بڕین.

ئەمەش جۆرێکی تری سزای زیادکراوی ناو سزای دورخستنەوەیە، کەوا بە بەراورد لەگەڵ سەردەمانی پێشو تر سزایەکی نوێ بو، ئەم سزایە پێشکەوتنی زیاتری بە خۆیەوە بینیوە، واتە تەنها بە زمان بڕین نەوەستاوە بەڵکو جاری واهەبوە زمانەکە لە قوڕگەوە دەرکێشراوەتە دەرەوە کە بە هۆیەوە دورخراوەکە گیانی لە دەست داوە، بۆ نمونە لە سەردەمی ئەمیر

(بهاء الدوله) کەسێک بە ناوی (الحسین بن علی الفراش) دەست بەسەر دەکرێت وبە کۆت وبەند دورخراوەتەوە بۆ (بصرة) ساڵی (٣٧٩ک/٩٩٠ز)، دواتر جارێکی تر دورخراوەتەوە بۆ بەغدا ولەماڵی (نحریر الخادم) دەست بەسەرکراوە، ئەمیر فەرمانی کردوە بەوەی زمانەکەی لە قورگەوە دەربکێشن کە بە هۆیەوە مردوە، دواتر فڕێدراوەتە ناو ڕوباری دیجلە. (الروذراوري، ١٩١٦، ٣ / ١٦٨–١٦٩؛ مسكويه، ٢٠٠٠، ٧ / ٢٠٢؛ الشالجي، د، ت، ٤ / ١٦٩)

بە هەمان شێوە ئەمیر (أميرمجير الدين بن طغتكين)(534-548ك/١١٤٠-١١٥٤ز) خاوەنی (دمشق) ساڵی (٥٤٨ک/١١٥٤ز) شاعیر (ابن منير الطرابلسي) دەست بەسەرکردوە وخستویەتیە بەندیخانە، بە هۆی ئەوەی بە هۆنراوە قسەی بە خەڵک گوتوە، هەوڵیداوە زمانی ببڕێت بەڵام تکایان بۆکردوە بۆیە لێی خۆش بوە، دواتر لە (دمشق) دوری خستۆتەوە. (ابن خلكان ، 1994، ١ / ١٥٦؛ الشالجي، د، ت، ٣ / ٢٠٥)

کەسێکی تر بە ناوی (عبدالله بن ذبابه) بەسەرهاتێکی خۆی دەگێڕێتەوە ساڵی (٦٢٩ک/١٢٣١ز)، سەبارەت بەو ئەشکەنجەیەی کەوادراوە، کە یەکێک لە ئەشکەنجەدانەکە زمان بڕین بوە، دواتر دورخراوەتەوە بۆ (بصرة) وبە زۆرەملێ تێیدا جێگیر کروە. (ابن الفوطي، ٢٠٠٣ / ١ / ٤١؛ الشالجي، د، ت، ٣ / ٢٠٥)

## شەشەم: فڕێدانە نێو دەریا وڕوبار.

ئەمەش شێوازێکی تر بوە لەو ئەشکەنجانەی کەوا ڕوبەڕوی دورخراوەکە بۆتەوە، وەکو چۆن (کردک) سەرکردەیەکی دەیلەم لە شوێنکەوتوانی ئەمیر (معز الدوله البويهي) هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی ستەمێکی گەورە لە بەرامبەر (النوكاني) کاربەدەستی (عمان)ساڵی (٣٥٤ک/965ز)، کاتێک (النوكاني) لەلایەن خەڵکەکەوە دەست بەسەر دەکرێت وبە کەشتیەک دوردەخرێتەوە بۆ (بصرة)، ئەمیر سەرکردە (کردک) وەکو کاربەدەستی نوێ دەنێرێت بۆ (عمان)، کاتێک لە ناو دەریادا (کردک) دەگات بە کەشتیەکەی (النوكاني) وسەر کەشتیەکە دەکەوێت، کاتێک (کردک) ماڵ وسەروەتی کاربەدەستە دەرکراوەکە دەبینێت چاوچنۆکی دەیگرێت وکاربەدەستەکە کۆت بەند دەکات وفڕێی دەداتە ناو دەریا ودەست دەگرێت بەسەر سەروەتەکەی. (التنوخي، 1391، 1 / ٣٤٧ –٣٤٨؛ الشالجي، د، ت، ٥ /٢٩٣)

لە ڕوداوێکی تر دوای ئەوەی (بدرالدين لؤلؤ) (٥٨٩-٦٠٧ک/١١٩٣-١٢١٠ز) دەست دەگرێت بەسەر (جزيره ابن عمر)[46] ساڵی (٦٤٨ک/١٢٥١ز)، مەلیک (مسعود بن المعظم) لە بنەماڵەی (عماد الدين زنكي) دەست بەسەری دەکات، دواتر بە بەلەمێکی بچوک (رکوە) دوری دەخاتەوە بۆ موسڵ، بەڵام (بدرالدين) ئەو پاسەوانەی کەوا لەگەڵی ناردوە ڕای دەسپێرێت کەوا لە ڕێگادا بەشەو فڕێیداتە ناو ڕوباری دیجلە وبیخنکێنێت، دواتر وا نیشانی خەڵکی بدات کەوا ئەم کەسە بەخۆی خۆی فڕێداوەتە ناو ڕوبارەکە. (ابن العبري، ١٩٩٢ / ٢٦١)

## ئەنجام

لە ئاکامی ئەم توێژینەوەیەدا بە چەند ئەنجامێک گەیشتین لەوانە:

1. سزای (التعزير) سەرزنشتکردن سزایەکی تەمێکردن وڕێگریکردن بوە لە تاوان، بەڵام بەدرێژایی قۆناغەکانی مێژو بەتایبەت ئەو ماوە مێژوییە سزاکە گۆڕاوە زیاتر بۆتە سزایەکی سیاسی.
2. ماوەی توێژینەوە ماوەیەکی گرینگ بو بۆ دەرخستنی جۆرەکانی ئەشکەنجەدان، بۆ جیاکردنەوە لە سەردەمەکانی پێشوتر.

3. مانەوە وپارێزگاریکردن لە دەسەڵات وهێنانە دی بەرژەوەندیەکان هۆکاری سەرەکی پەیڕەوکردنی ئەم ئەشکەنجەدانانە بوە، چونکە بونی دەسەڵاتداری جیاواز لەگەڵ خەلیفە لە بڕیاردان وبەڕێوەبردنی کاروباری خەلافەت ئەم دیاردەیەی لێ کەوتۆتەوە.
4. جیاوازی نەکردن لە نێوان کەسە نزیکەکانی دەسەڵاتدار وکەسانی تر لە پەیڕەوکردنی ئەم جۆرە ئەشکەنجەدانە، بەبێ جیاوازی هەمو ئەوانەی دژی دەسەڵات دەوەستانەوە ڕوبەڕوی ئەم سزایە دەبونەوە.
5. پەیڕەوکردنی زۆرترین جۆری ئەشکەنجەدانەکان دەگەڕێتەوە بۆ ماوەی دەرکەوتنی دەسەڵاتی (بنی بویە)، چونکە ئەمانە لە ڕوی ڕێبازەوە جیاوازبونە لەگەڵ خەلیفە وخەڵکەکە بە گشتی، کە ئەوان ڕێبازی شیعەیان پەیڕەو دەکرد ولەم پێناوەدا جۆرەها ئەشکەنجەدانیان جێبەجێ دەکرد.
6. هەمو کات ئەم ئەشکەنجەدانانە نەبۆتە هۆی هێنانە دی خواستەکانی دەسەڵاتداران وکۆتایی هێنان بەنەیارەکانیان، بەڵکو زۆرجار مەترسیەکان زیاتر بونە بۆ سەر بەرژەوەندیەکانیان.

.

## لیستی سەرچاوە


ابن الأثير، على بن محمد بن عبدالكريم (555–630هـ/1160–1233م) (1997م) الكامل في التاريخ، تحقيق: عمر عبد السلام تدمري، الطبعة الأولى، دار الكتب العربية، بيروت.

ابن لطف الله، محمد صديق خان بن حسن بن على (ت:1307هـ) (2003م) الروضة الندية، حققه: علي بن حسن بن علي، الطبعة الأولى، دار ابن عفان للنشر والتوزيع، القاهرة.

ابن خلكان، شمس الدين أحمد بن محمد (ت:681هـ/1282م) (1994م)وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان، المحقق: إحسان عباس، دار الصادر، بيروت.

ابن الحزم، أبو محمد علي بن أحمد بن سعيد (ت:456هـ) (د، ت) المحلى بالاثار، دار الفكر، بيروت.

ابن بطال، أبو الحسين علي بن خلف بن عبدالملك (ت:449هـ) (2003م) شرح صحيح البخاري لابن بطال، تحقيق: أبو تميم ياسر بن ابراهيم، مكتبة الرشد، الرياض.

ابن الجوزي، عبدالرحمن بن علي بن محمد (ت597هـ) (1992م) المنتظم في تاريخ الأمم والملوك، المحقق: محمد عبدالقادر العطا، مصطفى عبدالقادر العطا، الطبعة الأولى، دار الكتب العلمية، بيروت.

- ابي يعلى، محمد بن الحسين الفراء (ت:458هـ) (2000م) *الأحكام السلطانية*، صححه وعلق عليه: محمد حامد الفقي، بيروت،دار الكتب العلمية.

المنصوري، محمد بن علي بن نظيف الحموي، (د. ت) التاريخ المنصوري / تلخيص الكشف والبيان في حوادث الزمان، تحقيق: أبو العبد دودو، مطبوعات مجمع اللغة العربية، دمشق.

الثعلبي، عبدالوهاب بن علي بن نصر المالكي (ت:422هـ) (2004م) التلقين في فقه المالكي، المحقق: ابي اويس محمد بو خبزة الحسني التطواني، الطبعة الأولى، دار الكتب العلمية، بيروت.

صفي الدين، عبد المؤمن بن عبدالحق بن شمائل القطعي (1412هـ) (ت739هـ/1337م) مرصاد الاطلاع علي اسماء الأمكنة والبقاع، الطبعة الأولى، دار الجيل، بيروت.

الأصفهاني، أبي شجاع احمد بن الحسين بن أحمد(1994م) متن الغاية والتقريب، حققه: ماجد الحموي، الطبعة الثانية،دار ابن الحزم، بيروت.

ابن كثير، اسماعيل بن عمر القريشي (ت774هـ/1372م) (1990م) البداية والنهاية، الطبعة الثانية، مكتبة العارف، بيروت.

ابن تغري بردي، عبدالله الظاهري الحنفي ابو المحاسن (ت874هـ/1470م) (1963م) النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة، وزارة الثقافة والإرشاد القومي المؤسسة المصرية العامة، القاهرة.

القرطبي، محمد بن أحمد بن رشد (ت520هـ) (1988م) البيان والتحصيل والشرح والتوجيه والتعليل لمسائل المستخرجة، حققه: محمد حجي واخرون، الطبعة الثانية، دار الغرب الإسلامي، بيروت.

ابن عبد البر، يوسف بن عبدالله ابن محمد (368-463هـ) (1993م) الاستذكار، تحقيق: عبدالمعطي امين قلعجي، الطبعة الأولى، دار قتيبة، دمشق.

النويري، احمد بن عبدالوهاب بن محمد (ت:733هـ) (2004م) نهاية الارب في فنون الأدب، تحقيق: نجيب مصطفى فواز ودكتورا حكمت كشلى فواز، الطبعة الأولى، دار الكتب العلمية، بيروت.

ابن حجر العسقلاني، احمد بن على (ت852هـ/1448م) (1379م) فتح الباري شرح صحيح البخارى، دار المعرفة، بيروت.

ابن الطقطقي، احمد بن علي بن طباطبا (ت709هـ/1309م) (1997م) *الفخري في الاداب السلطانية والدول الإسلامية*، المحقق: عبدالقادر محمد مايو، الطبعة الأولى، دارالقلم العربى، بيروت.

المقريزي، أحمد بن على بن عبد القادر (ت845هـ/1441م) اتعاظ الحنفاء بأخبار الأئمة الفاطميين الخلفاء، حققه: جمال الدين الشيال ومحمد حلمي محمد، الطبعة الأولى، المجلس الأعلى للشؤن الإسلامي، القاهرة.

المزني، أبي إبراهيم إسماعيل بن يحيى بن إسماعيل(1998م) مختصر المزني في فروع الشافعية، الطبعة الأولى، دارالكتب العلمية، بيروت.

مسكويه، أحمد بن محمد بن يعقوب (ت421هـ) تجارب الامم وتعاقب الهمم، المحقق: ابو القاسم إمام، الطبعة الثانية، سروش- طهران.

القلقشندي، احمد بن علي بن احمد (ت:821هـ) (1985م) مأثر الانافة في معالم الخلافة، المحقيق: عبدالستار احمد فراج، الطبعة الثانية، مطبعة حكومة الكويت، الكويت.

السيوطي، جلال الدين عبدالرحمن بن ابي بكر (ت:911هـ) (2005م) تاريخ الخلفاء، تحقيق: سعيد محمود عقيل، الطبعة الثانية، دار الجيل، بيروت.

ابن القلانسي، حمزة بن اسد بن علي (ت:555هـ) (1983م) تاريخ دمشق لابن القلانسي، المحقق: سهيل زكار، الطبعة الأولى، دار حسان للطباعة والنشر، دمشق.

ضياءالدين الجندي، خليل بن اسحاق بن موسى (ت:776هـ) (2005م) مختصر العلامة خليل، المحقق: احمد جاد، الطبعة الأولى، دار الحديث، القاهرة.

الشربيني، شمس الدين محمد بن احمد (ت:977هـ) (1994م) مغني المحتاج الى معرفة معاني الفاظ المنهاج، دار الكتب العلمية، بيروت.

الذهبي، شمس الدين محمد بن احمد بن عثمان (673- 748هـ) (1984م) العبر في خبر من غبر، المحقق: صلاح الدين المنجد، مطبعة حكومة الكويت، الكويت. (١٩٨٥م) سير الأعلام النبلاء، المحقق: مجموعة من المحققين بإشراف الشيخ شعيب الأرناؤوط، الطبعة الثالثة، مؤسسة الرسالة.

ابن العماد، شهاب الدين أبي الفلاح عبدالحي بن أحمد بن محمد (1032–1089هـ) (1989م) شذرات الذهب في أخبار من ذهب، حققه: محمود الأرناؤوط، الطبعة الأولى، دار ابن كثير، بيروت.

-ابن حوقل، ابي القاسم بن حوقل النصيبي (367هـ) (1938م) صورة الارض، دار صادر، بيروت.

العمري، شهاب الدين أحمد بن فضل الله (ت: 749هـ) (2005م) مسالک الأبصار في ممالك الأبصار تاريخ العالم الإسلامى فى العصر العباسى، تحقيق: حمزة أحمد عباس، المجمع الثقافي، أبوظبي.

الصفدي، صلاح الدين خليل ابن يبك (ت: 764هـ) (2000م) الوافى بالوفيات، المحقق: أحمد الأرناؤوط وتركى مصطفى، دار إحياء التراث، بيروت.

ابن خلدون، عبدالرحمن بن محمد (ت808هـ/1405م) (2000م) تاريخ ابن خلدون المسمى ديوان المبتدأ والخبر في تاريخ العرب والبربر ومن عاصرهم من ذوى الشأن الأكبر، دار الفكر، بيروت .

ابن الفوطى، عبدالرزاق بن أحمد الشـــيباني (ت:723هـ) (2003م) الحوادث الجامعة والتجارب النافعة في المائة الســـابعة، تحقيق: مهدي النجم، الطبعة الأولى، دار الكتب العلمية، بيروت.

أبو محمد الكتاني، عبدالعزيز بن أحمد بن محمد بن علي التميمي (ت:466هـ) (١٤٠٩هـ) ذيل تاريخ مولد العلماء وفياتهم، المحقق: عبدالله أحمد سليمان الحمد، الطبعة الأولى، دار العاصمه، الرياض.

ابن ماكولا، على ابن ابى القاســم هبة الله بن على (ت: 485هـ/١٠٨٢م)(١٩٩٣م) الإكمال في رفع الارتياب عن المؤتلف والمختلف في الأسماء والكنى والأنساب، الطبعة الثانية، دار الكتاب الإسلامى، القاهره.

الزيلعي، عثمان بن علي بن محجن البارعي (ت: 743هـ) (١٣١٣هـ) تبين الحقائق شرح كنز الدقائق وحاشــية الشــلبى، الطبعة الأولى، المطبعة الكبرى الأميريه، القاهره.

-المسعودي، أبو الحسن علي بن الحسين بن علي (ت346هـ/957م)(د. ت) التنبه والإشراف، تصحيح: عبدالله إسماعيل الصاوي، دار الصاوي، القاهرة.

ابن العديم، عمر بن احمد بن هبة الله بن ابي جرادة العقلي (ت:660هـ) (1996م) زبدة الحلب في تاريخ حلب، الطبعة الأولى، دار الكتب العلمية، بيروت.

ابن الوردي، عمر بن مظفر بن عمر (ت: 749هـ) (1996م) تاريخ ابن الوردي، الطبعة الأولى، دارالكتب العلمية، بيروت.

ابن العبري، غريغوريوس الملطي (ت1986/685م) (1992م) تاريخ مختصر الدول، المحقق: أنطون صـــالحاني يســـوعي، الطبعة الثالثة، دار الشرق، بيروت.

التنوخي، القاضي ابي علي المحسن بن علي (ت384هـ/994م) الفرج بعد الشدة، تحقيق: عبود الشالجى،دار صادر،بيروت.

علاءالدين السمرقندي، محمد بن أبي أحمد (ت:540هـ) (1994م) تحفة الفقهاء، الطبعة الثانية، دار الكتب العلمية،بيروت.

البعلي، محمد بن ابي الفتح بن ابي الفضل (ت:709هـ) (٢٠٠٣م) المطلع على ألفاظ المقنع، المحقق: محمود الأرناؤوط وياسين محمود الخطيب، الطبعة الأولى، مكتبة سوادي.

الدسوقي،محمد بن احمد بن عرفة (ت:123هـ) (د. ت) حاشية الدسوقي على الشرح الكبير، دار الفكر.

الرازي، محمد بن ابي بكر بن عبدالقادر الحنفي (ت: 666هـ) (1999م) مختار الصحاح، المحقق: يوسف الشيخ محمد، الطبعة الخامسة، المكتبة العصرية، بيروت.

ابي يعلى، محمد بن الحسين الفراء (ت:458هـ) (2000م) الأحكام السلطانية، صححه وعلق عليه: محمد حامد الفقي، دار الكتب العلمية، بيروت.

الروذراوري، محمد بن الحسين بن محمد بن عبدالله ابى شجاع ( ت ٤٨٨ هـ/ ١٠٩٥م) (1916م) ذيل تجارب الامم، مطبعة شركة التمدن الصناعية، مصر.

المقدسى، محمد بن عبدالملك بن ابراهيم بن أحمد (ت:521هـ) (1958م) تكملة التاريخ الطبرى، المحقق: ألبرت يوسف كنعان، الطبعة الأولى، المطبعة الكاثوليكية، بيروت.

السمرقندى، أبو الليث نصر بن احمد بن ابراهيم (ت:373هـ) (د. ت) بحر العلوم، تحقيق: د. محمود مطرجي، دار الفكر، بيروت.

عميرة، شهاب الدين أحمد الرسي (ت:957 هـ) (1998م) حاشية عميرة، تحقيق: مكتبة البحوث والدراسات، دار الفكر، بيروت.

الحموى، شهاب الدين ابو عبدالله ياقوت بن عبدالله الرومى (ت626هـ/1228م) (1995م) معجم البلدان، الطبعة الثانية، دار صادر، بيروت.

ابن هبيرة، أبو المظفر يحيى بن هبيرة (ت:560هـ) (2002م) اختلاف الأئمة العلماء، المحقق: السيد يوسف أحمد، الطبعة الأولى، دار الكتب العلمية، بيروت.

أرشاك بولاديان(2009م) الأكراد فى حقبة الخلافة العباسية في القرنين 10–11م، ترجمة: الدكتور الكسندر كشيشان، الطبعة الأولى، دار الفارابي، بيروت.

بهنسى، أحمد فتحي (1988م) التعزير في الأسلام، الطبعة الأولى، مؤسسة الخليج العربي، القاهرة.

فييه، جان موريس (1990م) احوال النصار في خلافة بني العباس، طبعة الأولى، دار المشرق، بيروت.

منيمنة، حسن (١٩٨٧م) تاريخ الدولة البويهية السياسية والإقتصادية والإجتماعية والثقافية –مقاطعة فارس (334–447هـ/٩٤٥–١٠٥٥ز)، دار الجامعه.

چلبى، روندك جبار (2013م) الكرد والحمدانيون (254–414/٨٦٨–١٠٢٣)، مطبعة الحاج هاشم، اربيل.

النقشبندى، سلام احمد عبدالله العبابيلي (2013م) مباحث في تاريخ شهرزور في العصور العباسية، مطبعة الحاج الهاشم، اربيل.

أقبال، عباس (1314–1334هـ) (1989م) تاريخ ايران بعد الإسلام من بداية الدولة الطاهرية حتى نهاية الدولة القاجارية (205هـ/٨٢٠ز-١٣٤٣هـ/١٩٢٥ز)، نقله عن الفارسية: محمد علاءالدين منصور، دار الثقافة،القاهرة.

عبدالرحيم صدقى (1987م) الجريمة والعقوبة في الشريعة الإسلامية، الطبعة الأولى، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة.

الثعالبي، عبدالعزيز (1995م) سقوط الدولة الاموية وقيام الدولة العباسية (132هـ/750م)، تحقيق: حمادي الساحلي، الطبعة الأولى، دار الغرب الاسلامي، بيروت.

الشالجى، عبود (د، ت) *موسوعة العذاب*، دار العربية للموسوعات، بيروت.

فهمي سعد (1993م) العامة في بغداد في القرنين الثالث والرابع للهجرة دراسة في التاريخ الإجتماعية، الطبعة الأولى، دار المنتخب، بيروت.

السيد، فؤاد صالح (2011م) معجم السياسيين المثقفين في التاريخ الغربي والإسلامى، مكتبة حسن العصرية، بيروت.

كليفورد. أ. بوزورث (1995م) الأسرات الحاكمة في التاريخ الإسلامي دراسة في التاريخ والأنساب، ترجمة: حسين علي اللبودي، الطبعة الثانية، مؤسسة الشراع العربي، الكويت.

الطقوش، محمد سهيل (2016م) تاريخ سلاجقة في خراسان وايران والعراق (429–590هـ/1038–1194م)، الطبعة الثانية، دار النفائس، بيروت.

محمد ناظم (2005م) السلطان محمود الغزنوي حياته وعصره، ترجمة: عبدالله سالم الزليتني، دار الكتب الوطنية، ليبيا.

وفاء محمد علي (1991م) الخلافة العباسية في عهد تسلط البويهيين، المكتب الجامع الحديث، اسكندرية.

باجلوري، هلين رفيق محمد سعيد (2012م) الكورد الحميدية ودورهم السياسي والحضاري خلال القرن (3-8هـ/9-14م)، مطبعة الحاج هاشم، اربيل.

## پەراوێز

(1) الحدود: لەو سزایەی کەوا خودای گەورە دیار وجێگیری کردوە وزیاد وکەمی تێدا ناکرێت، بۆ ڕێگریکردن لە بەندەکانی لە ئەنجامدانی کاروکردەوە ڕێگە پێنەدراوەکان. (الكاساني، ١٩٨٦، ٧ / ٣٣؛ الفارغاني، د، ت، ٢ / ٣٣٩؛ ابن المعلي،١٩٩٤ / 473؛ الماوردي، ١٩٩٩، ١٣ / ١٨٤)

(2) القصاص: سزایەکی دیاریکراوە بەڵام مافێکی بەندەکانی تێدایە، تاوەکو لێخۆش بون وئاشتەوایی لەم ڕێگەیەوە ئەنجام بدرێت. (الكاساني، ١٩٨٦، ٧ / ٣٣؛ الفارغاني، د، ت، ٢ / ٣٣٩)

(3) التعزير: لە سزا دیاریکراوەکان نیە کەوا خودای گەورە دیاری کردبێت، بەڵکو دەکرێت لە ڕێگەی لێدان وبەندکردن ودورخستنەوە وجۆرەکانی تر جێبەجێ بکرێت. (البلدحي، 1937، 4 / 79؛ الكاساني، ١٩٨٦، ٧ / ٣٣؛ الفارغاني، د، ت، ٢ / ٣٣٩)

(4) الشـــافعی (أبو عبدالله محمد بن إدريس بن عباس) تاوەکو لە (بن هاشـــم بن المطلب بن عبد مناف) دەگات بە ڕەچەڵەکی پێغەمبەر (ﷺ)، دایکی (فاطمة بنت عبدالله بن الحسـن بن الحسـن بن علي بن أبي طالب) بوە، سـاڵی (٣٥٠ک/٩٦١ز) لە (غزە) لە دایک بوە ولەلایەن دایکیەوە ســەرپەرشــتی کراوە،دوای ئەوەی بوە بە دو ســاڵ لەگەڵ دایکی چوە بۆ مەککە ولە تەمەنی حەوت ســاڵی قورئانی پیرۆزی لەبەر کردوە لە دە ساڵی (الموطأ) ی دەرخ کردوە. بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ: (أبو عبدالله، 1995، 1 / 150–151–152)

(5) ابو شـجاع بويه فناخسرـه بن تمام بن كوهى بن بهرام جور بن يزدجرد، باوکی ئەمیر (عماد الدوله وركن الدوله ومعز الدوله) وکوڕەکانی دوای خۆیان بو. (ابن ماكولا، 1993، 1 / 372؛ المقريزی، ١٩٩٧، ١ / ١٣٠)، ڕاســتی ودروســتی ڕەچەڵەکی ئەم بنەماڵەیە بەم شێوەیەیە کەوا (ابن ماكولا) باسی لێوەکردوە، دەیان گەڕێنێتەوە سـەر ساسـانیەکان، واتە ئەمانە لە نەتەوەی فارس بون. (١٩٩٣، ١ / ٣٧٢)

(6) ســەلجوقیەکان ســەربە هۆزی (قينيق الغزيه التركيه) بون، هێزێکی دەشــتەکی وکۆمەڵێک بون لە تورکی (الغزيه)، لە (تركســتان) ســاڵی (٣٤٥ک/٩٥٦ز) دەرکەوتون. (ابن حوقل، 2 / ٣٨٨–389؛ ابن الوردي، ١٩٩٦، ١ / ٣٣٦؛ كليفورد، ١٩٩٥ / ١٦٨)

(7) معرة النعمان: شـوێنێک بوە لە (بلاد الشـام)، کەوتۆتە نێوان (حلب وحماة)، ناوەکەی دەچێتەوە سـەر هاوەڵێک بەناوی (النعمان بن بشير). (صفي الدين، 1412، 3 / 1288)

(8) محمد بن العباس: خەڵکی (شــیراز) بو، نوســەری (معز الدوله) وەزیری بوە، دوای مردنی ئەمیر پۆســتی وەزارەتی بۆ خەلیفە (المطيع) (٣٥٩ک/٩٧١ز) و(عزالدوله بختيار) وەرگرتوە، لە (کوفە) بە خواردنی ژەهر کوشـــتویانە. (التنوخي، د، ت، ١ / ٩؛ ابن تغري بردي، ١٩٦٣، ٤ / ٦٨؛ السيد، ٢٠١١/ ٦٥٥)

(9) بنو حمدان: دەچنەوە ســەر (بنی ثعلب بن وائل) لە (العدانانيه)، ئەمانە کوڕانی (حمدان بن حمدون) بون، دەســەڵاتداری (موصــل والجزيره وحلب) لە ســەردەمی خەلیفە (المتقی بالله)، یەکەم دەســەڵاتداریان (أبو الهيجاء عبدالله بن حمدان) دواتر براکانی هاتونەتە سەر دەسەڵات. (القلقشندی، ١٩٨٠ / ٢٣٦)

(10) دغفل بن الفرج: پیاوێکی دەشتەکی بوە توانیویەتی دەست بگرێت بەسەر ناوچەی (الرمله)، بۆتە لایەنگری دەوڵەتی فاتیمی . (مسكويه، 2000، 6 /450)

(11) رملە شارێکە لە فلسطين وپایتەختی بوە، نێوانی لەگەڵ (بيت المقدس) دوازدە میل بوە. (صفي الدين، 1412، 2/٦٣٣)

(12) لە دوای کۆچی دوایی کردنی ئەمیر (عضــد الدوله) ســاڵی (٣٧٣ک/٩٨٤ز)، مەملەکەتەکەی دابەش بوە لە نێوان براکەی وکوڕەکانی، (مؤيد الدوله) ی برای دەستی گرتوە بەسەر (إقليم جبال وجرجان). (ابن الأثير، 1997، 7 / ٣٩٢؛ منيمنه، 1987 / 138)

(13) فارس هەرێمێکی فراوان بوە، ســنوری بەلای عێراق (ارجان) بوە، بەلای (کرمان) (السرـجان) بوە، بەلای کەناری دەریا دەریای (هند) بوە، بەلای (السند) (مكران) بوە. (صفي الدين، 1412، 3/١٠١٢)

(14) عميد الجيوش ابن ابی جعفر اســـتاذ هرمز: ســـاڵی (٣٥٠ک/٩٦١ز) لەدایک بوە، باوکی پەردەداری ئەمیر (عضـــد الدوله) بوە، بۆتە وەزیری ئەمیر (بهاء الدوله) ســـاڵی (٣٩٢ک/١٠٠٢ز)، ماوەی دەســـەڵاتی هەشـــت ســـاڵ وچوار مانگ وچەند ڕۆژێک بوە، ســـاڵی (٤٠١ک/١٠١٠ز) کۆچی دوایی کردوە. (ابن كثير، 1990، 11 / 344؛ العمری، ٢٠٠٥، ٢٦ / ١٩٩)

(15) سعد بن أبي الفرج محمد بن جعفر ابن ابی الفرج، نازناوەکەی (ابا الغنائم) بوە، ماوەیەک پۆستی وەزارەتی بۆ (ابی نصرـ بن ابی كاليجار) وەرگرتوە، دوای خوێندنەوەی وتار بە ناوی خەلیفەی فاتیمی، لە تەمەنی سی وحەوت ســاڵی لە خاچ دراوە ســاڵی (٤٤٩ک/١٠٥٨ز) . (ابن الجوزی، ١٩٩٢، ١٥ / ٢٨)

(16) بهندف شارۆچکەیەک لە دەوروبەری بەغدا، لە نێوان (بادريا واسط)، سەربە (كسكر) بوە. (الحموي، 1995، 1/ ٥١٦)

(17) بنی عقيل: دەچنەوە سەر (عامر بن صعصعه)، لە هەرێمی جەزیرە وشام بڵاوبونەتەوە، شوانکار بونە لەلای کوڕانی حەمدان هاوکاریان بونە لە شـەڕەکان، دوای شـکەسـت هێنانی دەسـەڵاتی کوڕانی حەمدانی ئەوان لە موسـڵ دەسـەڵاتیان گرتۆتە دەسـت، کە (ابی الدرداء محمد بن المســيب) ســاڵی (٣٨٠ک/٩٩٠ز) هەڵســاوە بە کوشــتنی (ابی طاهر الحمدان) ودارودەســتەکەی ودەســتی گرتوە بەســەر موسڵ. (ابن الأثير، 7 / 35؛ ابن خلدون، 2000 / 327/326؛ النقشبندي، ٢٠١٣ / ١٤٢؛ باجلوري، 2012 / 98)

(18) قرواش بن مقلد بن المسيب: خاوەنی موسڵ، ماوەی دەوڵەتەکەیان ٥٠ ساڵ بوە، کەسێکی هۆنەر وڕوناک بیر وسوارچاک بوە، ساڵی (٤٤١ک/١٠٥٠ز) برازاکەی بەناوی (بركه) لێی هەڵگەڕوەتەوە ودەست بەسەری کردوە ودوری خستۆتەوە وخستویەتیە بەندیخانە، خۆی هاتۆتە ســەر دەســەڵات بۆ ماوەی سێ ســاڵ، دوای ئەو (ابو المعالی قريش بن بدران بن مقلد) هاتۆتە، لە ڕۆژگاری ئەم ئەمیرە (قرواش) لە بەندیخانە مردوە. (الذهبي، ١٩٨٤، ٣ / ١٩٩)

(19) ابو شـجاع محمد الب ارسـلان ابن جغربیک داود بن میکائیل بن سـلجوق، یەکەم کەس بوە کە لەسـەر دوانگاکانی بەغدا پێی گوترا وە سوڵتان، لە کۆتا دەسەڵاتی لە دادگەرترین وباشترینیان بوە وئارەزوی تێکۆشانی هەبوە بۆ سەرخستنی ئیسلام، ساڵی (٤٦٥ک/١٧٣ز) کوژراوە. (الذهبي، ١٩٨٤، ٣ / ٢٦٠)

(20) عمید الکندري، ابی نصرـ منصـور بن محمد: (کندر) گوندێکی دەوروبەری (نیسـابور) بوە، وەزیری سـوڵتان (طغرلبك) پیاوێکی زاناو بەخشـندە وخاوەن بیرۆکە بوە، سـاڵی (٤٥٦ک/1064ز) بەدەسـتی (الب ارسـلان) کوژراوە. (النویري، ٢٠٠٤، ٢٦ /١٧٥؛ ابن کثیر، 1990 /12؛ 92-93؛ العمري، ٢٠٠٥، ٢٦ / ٢٦٥؛ الذهبي، ١٩٨٤، ٣ / ٢٤٣؛ ابن العماد، 1989، 5 / 243؛ الأنباري، 1998 / 311)

(21) مرو الروذ شارێک بوە لە هەرێمی فارس نزیك (مرو الشاهجان)، نێوانیان پێنج رۆژە ڕێ بوە، ئەم شارە کەوتۆتە سەر ڕوبارێکی گەورەی بۆیە بەم ناوە ناونراوە. (الحموي، 1995، 5 / ١١٢)

(22) صـور: لە شـارە بەناوبانگەکانی سـنوری موسـڵمانان بوە، دەڕوانێتە سـەر دەریای شـام، سێ لای بەدەریا داپۆشراوە، لایەکەی تری دەروازەی وشکانی بوە. (صفي الدین، 1412، 2/ ٨٥٦)

(23) المستنصر بالله بن الظاهر لإعزاز دین الله علی بن الحاکم، لە (مصر) لە دایک بوە وگەورە بوە وکۆچی دوایی کردوە، پێنجەم خەلیفەی فاتیمیەکان بوە لە (مصر). بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ (ابن کثیر، 1990، 12 / 48؛ ابن تغري بردي، ١٩٦٣، ٥ / 1)

(24) أحمد بن ملکشاه: کۆتا سوڵتانی سەلاجیقەی فارس، ڕۆژگاری ئەم سوڵتان کۆتا سەردەمی دەسەڵاتی سەلجوقیەکان بو لە (بلاد ما وراء النهر)، ساڵی (٥٥٢ک/1157ز) مردوە. (ابن الطقطقي، 1997/ ٢٩١)

(25) ئەمیرێکی گەورە بوە وجێگری سوڵتان (مسعود) بوە لە بەغدا. بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێتەوە بۆ (الصفدي، ٢٠٠٠، ٩ / ٢٠٣)

(26) ناوی (بک ارسـلان) بوە، خزمەتکاری سـوڵتان (مسـعود السـلجوقی) بوە، سـوڵتان بۆ خۆی کڕیوە وپەروەردەی کردوە، کردویەتی بە پەردەداری خۆی. (النویري، ٢٠٠٤، ٢٧ / ٣١)

(27) تاج الدوله ابو سـعید تتش بن الب ارسـلان بن داود بن میکائیل بن سـلجوق، خاوەنی (دمشـق وحلب)، سـاڵی (٤٨٨ک/١٠٩٥ز) لە نزیك (الری) لە بەرامبەر برازاکەی شکست دەهێنێت ولەم شەڕەدا دەکوژرێت. (ابن خلکان، 1994، 1 /295)

(28) ابو محمد الحســن ابن ابي الهیجاء عبدالله بن حمدان بن حمدون، خاوەنی موســڵ ودەوربەری، خەلیفە (المتقی لله) نازناوی (ناصرالدوله) ی پێ بەخشـیوە سـاڵی (٣٣٠ک/٩٤٢ز)، باوکی ئەمیر (عبدالله بن حمدان) لەلایەن خەلیفە (المکتفی بالله) کراوە بە والی بەسەر موسڵ ودەوروبەری ساڵی (٢٩٢ک/٩٠٥ز). بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ (ابن خلکان، 1994، 2 / 114-115)

(29) نوح بن منصـور بن نوح بن اسـماعیل السامانی ئەمیری (بخاری وسـمرقند) ماوەی دەوڵەتەکەی بیسـت ودو سـاڵ بوە، لە دوای خۆی (المنصور)ی کوڕی هاتۆتە سەر دەسەڵات، دوای دو ساڵ براکەی سوڵتان بەناوی (عبدالملك بن نوح) دەسەڵاتی گرتۆتە دەست ولە بەرامبەر سوڵتان (محمود بن سبکتکین) شکەستی خواردوە وکۆتایی بەدەوڵەتی سامانی هێناوە ساڵی (٣٨٨ک/). (الذهبي، ١٩٨٤، ٣ /٤٠)

(30) (طغرلبک بن میکائیل بن سـلجوق بن دقاق) یەکەم پادشـای سـەلجوقیەکان، دەسـتی گرتوە بەسـەر بەغدا وبوەیهیەکانی لە ناو بردوە وکۆتایی بەدرۆشمەکانیانی هێناوە ساڵی ٤٤٧ک/١٠٥٦ز)، کەسێکی دادگەر وبەخشندە بوە، ساڵی (٤٥٥ک/١٠٦٣ز) لە (الری) کۆچی دوایی کردوە. (الذهبي، ١٩٨٤، ٣ / ٢٣٧–٢٣٨)

(31) صرخد قەڵایەکی قاییمە لە نزیک (حوران)، ناوچەیەکی فراوانی هەرێمەکە بوە. (صفي الدین، 1412، 2/ ٨٣٨)

(32) بصری شـوێنێک بوە لە شـام وسـەربە (دمشـق) بوە، پایتەختی (حوران) بوە، لە ئێسـتا وکۆندا لەلای عەرەبەکان ناسراو بوە. (الحموي، 1995، 1/ ٤٤١)

(33) نظام الملك وەزیر (ابو علی الحســن بن علی بن اســحاق الطوسی قوام الدین) لە وەزیرە شــکۆمەندەکان بوە، کوڕی بازرگانێک لە (طوس) لەدایک بوە، ساڵی (٤٥٦ک/١٠٦٣ز) پۆستی وەزارەتی بۆ سوڵتان (الب ارسلان) وەرگرتوە، کەسێکی زانا وئەدیب وبەخشندە ولێبوردە بوە، کۆڕەکانی پڕبوە لە زانایان، هەژاران، پێشەوای موسڵمانان، خەڵکی خێرخواز وچاکساز، چەندین قوتابخانەی دامەزراندوە لە هەرێمەکان، خولیای زانسـت بوە وحەفتا وهەشـت ساڵ تەمەنی بوە، ساڵی (٤٨٥ک/١٠٩٢ز) کوژراوە. (ابن الجوزي، ١٩٩٢، ١٦ / ٨٦؛ ابن الأثیر، 1997، 8 / 354؛ النویري، ٢٠٠٤، ٢٦ / ١٩١؛ ابن الوردي، ١٩٩٦، ٢ /٦؛ ابن کثیر، 1990، 12/ 140؛ الذهبي، ١٩٨٥، 19: 94–95؛ ابن فندمه، 1425 / 182)

(34) الرحبه ناوچەیەکی فراوان بوە لە سەر ڕوباری فوڕات، کەوتۆتە نێوان (الرقه وعانه). (صفي الدین، 1412، 2/ ٦٠٨)

(35) کواشي: قەڵایەکی قاییمی یەکێک لە چیاکانی ڕۆژهەڵاتی موسڵ بوە، هیچ ڕێگایەکی بۆ ناچێت تەنها ڕێگایەکی تەسکی تاکە کەسی نەبێت، لە کۆندا پێیان گوتوە (اردمشت). (صفي الدين، 1412، 3 / ١١٨٤)

(36) سـبکتکین الترکی: پەردەداری (معز الدولە)، نازناوی (ناصر الدولە)ی لەلایەن خەلیفە (المطیع)ی پێدراوە، سـاڵی (٣٦٤ک/975ز) کۆچی دوایی کردوە، دوای خۆی ملیۆنێک دینار ودە ملیۆن درهەم و ڕێژەیەک لە ئاڵتونی دوای خۆی جێهێشتوە. (التنوخي،١٩٩٥، ٣ / ٢٠٦؛ ابن العماد، 1989، 4 / 340)

(37) محمد بن عمر بن یحیی العلوی الزیدی الكوفي، سـەرۆکی عەلەویەکانی عێراق بوە، سـاڵی (٣١٥ک/٩٢٨ز) لەدایکبوە، سـاڵی (٣٩٠ک/١٠٠٠ز) کۆچی دوایی کردوە. (ابن العماد، 1989، 4 / 483)

(38) جعفر بن فلاح: ئەم ئەمیرە یەکێک بوە لە سـەرکردەکانی (المعز لدین الله العبیدی). لەلایەن فاتمیەکانەوە نێردراوەتە (دمشـق) بۆ ڕوبەڕوبونەوەی (الحسن بن عبیداللە تغج)، یەکەم ئەمیری فاطمی بو دەستی گرت بەسەر (دمشق)، ئەم ئەمیرە ساڵی (٣٦٠ک/٩٧١ز) لەلایەن (قرامیطە)کان بەدیل گیراوە وکوژراوە. (الصـفدي، ١٩٩١، ١ / ٣٨٨؛ ابن تغري بردي، ١٩٦٣، ٤ / ٥٨؛ ابن العماد، 1989، 4 / 308)

(39) ئەم هۆزە عەرەبە دەچنەوە سەر (شیبان بن ذهل بن ثعلبة سدوس). (ابن حزم، 1983 / 317)

(40) (باد) نازناو بوە، ئەو (عبداللە الحسین بن دوشنك) ە لە کوردەکانی هۆزی (الحمیدیە). بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ سەرچاوە (مسکویە، ٢٠٠٠، ٧ /١٠٦)

(41) ابو غالب بن الصـیرفی محمد بن علی بن خلف، وەزیری ئەمیر (بهاء الدولە ابی نصرـ بن عضـد الدولە)، دوای مردنی ئەم ئەمیرە (فخر الملك) پۆسـتی وەزارەت بۆ کوڕەکەی (سـلطان الدولە ابی شـجاع فناخسرـو) وەردەگرێت، لە (واسـط) لە دایکبوە سـاڵی (٣٥٤ک/٩٦٥ز)، لە گەورەترین وەزیرەکانی بنەماڵەی بوەیە بوە، ساڵی (٤٠٧ک/١٠١٧ز) کۆچی دوایی کردوە. (ابن العماد، 1989، 5 / 48)

(42) خفاجة ناوی ئافرەتێک بوە و کوڕەکەی وەچەی زۆری ناوەتەوە، نیشتەجێی دەوروبەری (الکوفە) بون . (السمعاني، ١٩٦٢، ٥ / ١٧٠)

(43) ابو الأغر دبیس بن سـیف الدولە ابي الحسـن بن مزید الأسـدی، نازناوی (نور الدولە) بوە، پادشـای عەرەب بوە، خاوەنی (الحلە المزیدیە) بوە، لە ڕۆژگاری خەلیفە (المسـترشـد) توانی دەسـتبگرێت بەسـەر زۆربەی عێراق، کەسـێکی بەهرەمەند بوە، خزمەتکاری سوڵتان (مسعود بن محمد بن ملکشاە) بوە،. بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ (ابن خلكان، 1994، 2/ 263–260؛ الذهبي، ١٩٨٥، ١٩ / ٦١٢–٦١٣)

(44) ابن فسـانجس نازناوی (ابا محمد) بوە، برای وەزیری پێشـوی ئەمیر (معز الدولە البویهی)، دوای ئەوەی ئەمیر (بختیار) دەبێت بە جێگرەوەی باوکی، ئەم کەسایەتیە دژی دەوەسـتێتەوە، بۆیە لە بەغدا دوری دەخاتەوە. (المقدسی، ١٩٥٨: ٢٣١؛ مسکویە، ٢٠٠٠، ٦ / 325-328)

(45) مظفر أبي الحارث أرسلان البساسیري: یەکێک بوە لە کۆیلە تورکەکان، کۆیلەی ئەمیر (بهاء الدولە بن عضد الدولە) بوە، نازناوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شـاری (بسـاسـیر) لە وڵاتی فارس، پلەوپایەی بەرز بۆتەوە بەهۆی لێهاتویی تاوەکو گەیشـتۆتە سـەر لەشـکری، ساڵی (٤٢٥ک/1034ز) بۆتە پارێزەری بەشی ڕۆژئاوای بەغدا. (ابن القلانسيـ: ١٩٨٢ / ١٤٣؛ ابن الأثیر، 1997، 8 / 161؛ ابن العبري، ١٩٩٢ / ١٨٤؛ النویري، ٢٠٠٤، ٢٣/ ١٢٨؛ ابن کثیر، 1990، 12 / 84؛ ابن تغري بردي، ١٩٦٣، ٥ / ٢؛ ابن فضـل الله العمری، ٢٠٠٥، ٢٦ / ٢٥٧؛ ابن العماد، 1989، 5 / 222)

(46) جزیرە ابن عمر شـوێنێکە دەکەوێتە سـەروی موسـڵ، نێوان سێ ڕۆژە ڕێ دەبێت، ڕوباری دیجلەی پێدا تێپەڕ دەبێت. (صـفي الدين، 1412، 1/ ٣٣٣).